# ڕەنگدانەوەی بنەما و ئادابەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز لە گوتاری بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردیدا

## (خوێندنەوەیەکی چۆنایەتی بۆ سێ بەرنامەی بانگەوازی)

پ.ی.عادل حمەعارف مؤمن [1]، پ. د. عمر احمد رمضان [2]

[1] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی سلێمانی ، adil.muemen@univsul.edu.iq

[2] ڕاگری کۆلیجی ڕاگەیاندن زانکۆی کیتاب ، omer.ramadhan@uoalkitab.edu.iq

**نووسەری پەیوەندیکار:** پ.ی.عادل حمەعارف مؤمن*

---

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی «ڕەنگدانەوەی بنەما و ئادابەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز لە گوتاری بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردیدا (خوێندنەوەیەکی چۆنایەتی بۆ سێ بەرنامەی بانگەوازی)»، لەم کێشەیەوە دەست پێدەکات: بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردی بەرفراوان بووە بەبێ چوارچێوەیەکی ئادابیی ڕێکخراو، لە کاتێکدا قورئانی پیرۆز سیستەمێکی تەواوی بنەما و ئاداب و ئەرک و ئاستەنگی بۆ دیالۆگ داڕشتووە کە هەرگیز نەکراوەتە ئامرازی هەڵسەنگاندنی گوتاری میدیایی. بۆیە سێ ئامانجی هەیە: هەڵێنجان و ڕێکخستنی ئەم سیستەمە وەک چوارچێوەیەکی هەڵسەنگاندن؛ خوێندنەوەیەکی چۆنایەتی بۆ گوتاری بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردی و دەرخستنی قاڵبە دیالۆگییەکانی؛ و دەستنیشانکردنی ئاستی پابەندبوونی هەر بەرنامەیەک بەو بنەما و ئادابانەوە.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ئەڵقەکانی سێ بەرنامەی بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردین: «دیالۆگ» (١٢٣ ئەڵقە)، «پۆدکاستی نما» (٢١)؛ و «ئەزموونەکانی نزیکبوونەوە لە مردن» (٥٠) ئەڵقە، نموونەیەکی (٥٢) ئەڵقەیی لێ هەڵبژێردراوە کە بەسەر ماوەی (٢٠٢٠–٢٠٢٥)دا دابەش کراوە. ئامرازی بەکارهاتوو «شیکاریی ناوەڕۆکی چۆنایەتی»یە لە ڕێگەی خشتەیەکی کۆدکردنی پێوەرییەوە کە بە شێوازی دەرئەنجامگیری (Deductive) لە بنەما قورئانییەکانەوە داڕێژراوە، و متمانەکەی بە دەقی ڕاستەوخۆی گوتارەکان و سێگۆشەکردن و پێداچوونەوەی هاوتا مسۆگەر کراوە.

ئەنجامەکان دەریانخستووە کە ئەم گوتارە سێ قاڵبی دیالۆگی بەکاردەهێنێت: «دیبەیتی فرەدەنگ»، «گێڕانەوەیی ستوونی» و «ڕاوێژکاریی فێرکاری»؛ بەڵام هەرسێکیان لەسەر ناوکێکی ئادابیی هاوبەش کۆدەبنەوە: نەرمیی گوتار، دووربوون لە پلارگرتن، دژایەتیکردنی بیرۆکە نەک کەسایەتی، و بەڵگەی بەراوردکاری. ئاستەنگە قورئانییەکان لە گوتاری ئاشکرادا دەگمەنن، و «فرەدەنگی» تەنیا لە قاڵبی دیبەیتیدا بەرجەستەیە؛ بۆیە توێژینەوەکە دەگاتە ئەوەی ئادابی دیالۆگی قورئانی بووەتە نەریتێکی هاوبەشی نەنووسراو. ڕاسپاردەکان پەسەندکردنی ئەم چوارچێوەیە وەک «ئادابنامەیەکی پیشەیی» بۆ بەرنامەسازان و بەهێزکردنی فرەدەنگی لە قاڵبە تاکدەنگەکاندا دەخەنەڕوو؛ پێشنیارەکانیش جێبەجێکردنی چوارچێوەکە لەسەر پلاتفۆرمی تر و ئەنجامدانی شیکاریی قووڵی گوتار.

**وشە کلیلییەکان:** دیالۆگی ئەلیکترۆنی، دیالۆگی قورئانی پیرۆز، ئادابی دیالۆگ، پێگە ئەلیکترۆنییەکان، بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردی .

---

### تەوەری یەکەم: میتۆدی توێژینەوە

#### ١.١ پێشەکی

دیالۆگ لە قورئانی پیرۆزدا تەنیا تەکنیکێکی گەیاندن نییە، بەڵکو سیستمێکی مەنهەجییە کە ئاداب و بنەما، پڕەنسیپە ڕەفتارییەکان، ئەرکەکان و ئەو ئاستەنگ و نەخۆشییانەش دیاری دەکات کە دیالۆگ لە ناوەڕۆک بەتاڵ دەکەنەوە. لە بەرامبەردا، بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی لە دوو دەیەی ڕابردوودا وەک یەکێک لە دیارترین مەیدانەکانی گوتاری ئایینی سەری هەڵداوە؛ بەرنامە دیالۆگییەکان و پۆدکاستەکان ڕۆژانە بەشێکی بەرچاو لە وەرگرانی کورد سەرقاڵ دەکەن .

ئەم واقیعە پرسیارێکی بنەڕەتی دەخولقێنێت: ئایا گوتاری ئەم بانگەوازە ئەلیکترۆنییە، لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوازەوە، پابەندە بەو بنەما قورئانییانەی بۆ دیالۆگ داڕێژراون؟ ئەم توێژینەوەیە بە خوێندنەوەیەکی چۆنایەتی وەڵامی دەداتەوە: سەرەتا سیستەمە پێوەرییەکەی قورئان ـ بنەما و ئاداب و ئاستەنگەکان ـ لە دەقی قورئانی و ئەدەبیاتی زانستییەوە هەڵدەهێنجێت و دەیکاتە «چوارچێوەیەکی هەڵسەنگاندن»، پاشان گوتاری سێ بەرنامەی بانگەوازیی کوردی لەبەر ڕۆشنایی ئەم چوارچێوەیەدا شی دەکاتەوە، تاوەکو قاڵبە دیالۆگییەکان و ڕادەی پابەندبوونیان دەربخات. بەم پێیە، ئەم هەڵسەنگاندنە پێوەرییە لە پاڵ بەهای زانستییەکەیدا، ئەرکێکی کولتووری و کۆمەڵایەتیشە (بڕوانە بەندی ١.٥).

لێرەدا پێویستە پاساوی میتۆدۆلۆژیی ئەم هەڵسەنگاندنە ڕوون بکرێتەوە، چونکە دەکرێت بپرسرێت: پێوەرەکانی دیالۆگی میدیایی لە دەقی قورئانییەوە وەرنەگیراون، ئیتر چۆن قورئان دەکرێتە پێوەر

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12581]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [4/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

بۆ هەڵسەنگاندنی گوتارێکی میدیایی؟ وەڵامەکە لە دوو خاڵدا چڕ دەبێتەوە. یەکەم، مەبەست دەرهێنانی پێوەرە تەکنیکییەکانی زانستی ڕاگەیاندن لە قورئانەوە نییە، بەڵکو هەڵسەنگاندنی گوتارێکی ئایینییە بەو پێوەرانەی خودی ئەو سەرچاوەیە دایان نێت کە گوتارەکە خۆی پێوەی دەبەستێتەوە؛ ئەم بەرنامانە بە ئاشکرا خۆیان بە قورئان و سوننەتەوە پێناسە دەکەن، بۆیە هەڵسەنگاندنیان بەم پێوەرانە، »هەڵسەنگاندنێکی پێوەری ناوەکی (Internal Criterion) «ن نەک سەپاندنی پێوەرێکی بێگانە بەسەریاندا. دووەم، ئەو تایبەتمەندییانەی قورئان بۆ دیالۆگی سەرکەوتوو دایدەنێت (ڕوونیی زمان، بەڵگەی هەستپێکراو، لەبارگرتنی پەیام بۆ ئاستی وەرگر، و بەشدارپێکردنی وەرگر) هاوتای ئەو پێوەرانەن کە زانستی ڕاگەیاندنی هاوچەرخ بۆ پەیامی کاریگەر دایدەنێت (بە وردی لە بەندی ٢.٧دا دەخرێنەڕوو). بەم پێیە، چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە لە خاڵی یەکگرتنی دوو نەریتدا دەوەستێت، نەک لە جیاوازییاندا.

**بابەتی توێژینەوەکە** دەقی گوتاری سێ بەرنامەی بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردی («دیالۆگ»، «پۆدکاستی نما»، «ئەزموونەکانی نزیکبوونەوە لە مردن»)ە بە پێوەری بنەما و ئادابەکانی دیالۆگی قورئانی هەڵدەسەنگێنێت، بۆ دەرخستنی ڕادە و شێوازی ڕەنگدانەوەی ئەو پێوەرانە لە واقیعی گوتارەکاندا.

لە ڕووی پێکهاتەشەوە، توێژینەوەکە لە سێ تەوەر پێک دێت: تەوەری یەکەم میتۆدی توێژینەوە دەخاتەڕوو (کێشە، ئامانج، بایەخ، ڕێباز و ئامراز، کۆمەڵگە و نموونە، سنوورەکان، توێژینەوەکانی پێشوو و زاراوەکان)؛ تەوەری دووەم چوارچێوە تیۆرییەکە دادەڕێژێت ـ دیالۆگ وەک ئەرکێکی میدیایی، و بنەما و ئاداب و ئەرک و ئاستەنگەکانی دیالۆگی قورئانی لەگەڵ ڕێوڕەسمی دیبەیتەکەیدا؛ و تەوەری سێیەم ئەم چوارچێوەیە بەسەر گوتاری سێ بەرنامەکەدا پیادە دەکات، پاشان بە ئەنجام و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار کۆتایی دێت.

## ١.٢ کێشەی توێژینەوە

گوتاری بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردی لە دوو دەیەی ڕابردوودا بە خێرایی فراوان بووە و بەرنامە دیالۆگییەکانی بوونەتە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی پێگەیاندنی ئایینیی وەرگری کورد؛ بەڵام ئەم فراوانبوونە کردەیی، بەبێ چوارچێوەیەکی ئادابیی ڕێکخراو و بەبێ پێوەرێکی هەڵسەنگاندنی دیاریکراو بەڕێوە چووە. لە بەرامبەردا، قورئانی پیرۆز سیستەمێکی تەواوی بنەما و ئاداب و ئەرک و ئاستەنگی بۆ دیالۆگ دارشتووە، بەڵام ئەم سیستەمە هەرگیز نەکراوەتە ئامرازێکی کردەیی بۆ هەڵسەنگاندنی گوتاری میدیایی. کێشەی توێژینەوەکە ڕێک لەم بۆشاییەدایە: بوونی کردەوەیەکی بانگەوازیی بەرفراوان لە لایەک، و نەبوونی پێوەرێکی ڕێکخراو بۆ هەڵسەنگاندنی لە لایەکی ترەوە.

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لەم پرسیارەدا چڕ دەبێتەوە: «بنەما و ئادابەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز، چۆن و بە چ ئاستێک لە گوتاری بەرنامە بانگەوازییە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە؟ «لەم پرسیارە بنەڕەتییەوە، ئەم سێ پرسیارە لاوەکییە هەڵدەهێنجرێن :

١ .ئەو چوارچێوە پێوەرییە چییە کە بنەما، ئاداب، ئەرک و ئاستەنگەکانی دیالۆگی قورئانی لەخۆ دەگرێت و بۆ هەڵسەنگاندنی گوتاری میدیایی شیاوە؟

٢ .هەر یەک لەو سێ بەرنامەیەی توێژینەوەکە، چ «قاڵبێکی دیالۆگی» (شێوازە گشتییەکەی بەڕێوەچوونی گفتوگۆ) بەکاردەهێنن و تا چ ڕادەیەک لە پرەنسیپە قورئانییەکان نزیکن؟

٣ .کام لەو «ئاستەنگانەی» قورئان بۆ دیالۆگی دیاریکردوون، لە گوتاری ئەم بەرنامانەدا ئامادەن و کامیان بوونیان نییە؟

## ١.٣ گریمانەکانی توێژینەوە

بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی چۆنایەتیی توێژینەوەکە، گریمانەکان وەک پێشبینیی ئاراستەدار دانراون: گریمانەی سەرەکی ئەوەیە: گوتاری بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی لە «ئاستی ئادابدا» (وەک نەرمی، دووربوون لە پلار، ڕێزگرتن) پابەندبوونێکی بەرزی بە بنەما قورئانییەکانەوە هەیە، بەڵام لە «ئاستی بنەما بنیادییەکاندا» (وەک فرەدەنگی و یەکسانیی ئاکاری)، پابەندبوونەکە بەپێی قاڵبی هەر بەرنامەیەک دەگۆڕێت .

گریمانە لاوەکییەکان: ١. بەرنامەی «دیبەیتی» لە ڕووی بنەماکانی فرەدەنگی و بەڵگەخوازییەوە نزیکترە. ٢. بەرنامە «گێڕانەوەیی و ڕاوێژکارییەکان» لە ئادابی نەرمی و ئەرکی پەروەردەییەوە نزیکترن. ٣. ئاستەنگە قورئانییەکان لە گوتاری ئاشکرای ئەم بەرنامانەدا دەگمەنن .ئەم گریمانانە وەک ڕێنیشاندەر کار دەکەن؛ بە پێچەوانەی توێژینەوە چەندایەتییەکان، بە تاقیکردنەوەی ژمارەیی یەکلایی ناکرێنەوە، بەڵکو لە کۆتاییدا بە گوێرەی بەڵگە گوتارییەکان پشتگیری دەکرێن، یان ڕەت دەکرێنەوە. ئەم ڕێبازە دەرفەت دەدات توێژینەوەکە کراوە بێت بۆ ئەو دەرئەنجامانەی کە پێشتر پێشبینی نەکراون .

## ١.٤ ئامانجەکانی توێژینەوە

توێژینەوەکە سێ ئامانجی سەرەکیی هەیە:

١ .هەڵێنجان و ڕێکخستنی سیستەمە پێوەرییەکەی دیالۆگی قورئانی: (بنەما، ئاداب، ئەرک، ئاستەنگ و ڕێساکانی دیبەیت) وەک چوارچێوەیەکی زانستی بۆ هەڵسەنگاندنی گوتار .

٢ .خوێندنەوەی چۆنایەتیی گوتاری سێ بەرنامەکە و دەرخستنی قاڵبە دیالۆگییەکانیان .

٣ .دەستنیشانکردنی ئاستی پابەندبوونی هەر بەرنامەیەک بە بنەما و ئادابە قورئانییەکان و دەرخستنی ڕادەی ئامادەیی یان نەبوونی ئاستەنگەکان لە گوتارەکانیاندا.

## ١.٥ بایەخی توێژینەوە

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لە سێ ئاستی پۆلێنکراودا ڕیزبەند دەکرێت: ئاستی بابەتی-کۆمەڵایەتی، ئاستی زانستی-ئەکادیمی، و ئاستی پیشەیی-میدیایی.

١ .ئاستی بابەتی-کۆمەڵایەتی: گوتاری ئایینیی دیجیتاڵ، بەهۆی خێرایی و فراوانیی کاریگەرییەکەیەوە، ڕاستەوخۆ لە شێوازی بیرکردنەوە و مامەڵەی کۆمەڵگەدا ڕەنگ دەداتەوە؛ پابەندبوونی بە بنەما قورئانییەکانەوە دەیکاتە «خوێندنگەیەکی کراوەی کولتووری»، و لادانی لێیان هەمان ئەو ئاستەنگانە بەرپا دەکات کە قورئان هۆشداریی لێ داون.

٢ .ئاستی زانستی-ئەکادیمی: تا ئەو ڕادەیەی توێژەر ئاگاداربێت، ئەمە یەکەم هەوڵە لە کتێبخانەی ئەکادیمیی کوردیدا کە سیستەمی بنەما و ئادابی دیالۆگی قورئانی دەکاتە چوارچێوەیەکی هەڵسەنگاندنی ڕێکخراو بۆ گوتاری میدیایی؛ بەمەش، توێژینەوەکە لە خانەی خوێندنە نێوانبوارییەکاندا (Interdisciplinary) جێگیر دەبێت، لە نێوان زانستە قورئانییەکان و زانستی ڕاگەیاندن و ئێتیکی گوتاردا.

٣ .ئاستی پیشەیی-میدیایی: چوارچێوەکە دەتوانێت ببێتە «ئادابنامەیەکی پیشەیی» و لیستێکی پشکنین بۆ بەرنامەسازانی بانگەواز، هەم پێش بەرهەمهێنان و هەم لە قۆناغی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکدا؛ ئەمەش بایەخێکی کردەیی ڕاستەوخۆی هەیە بۆ مەیدانی کار.

## ١.٦ میتۆدی توێژینەوە

توێژینەوەکە ڕێبازی «شیکاریی ناوەڕۆکی چۆنایەتی « (Qualitative Content Analysis)بەکاردەهێنێت؛ بەو مانایەی لە جیاتی ژماردنی چەندبارەیی، لەسەر لێکدانەوەی مانا و دەرهێنانی قاڵبی دیالۆگ و ئاستی پابەندبوون بە پێوەرەکان چڕ دەبێتەوە. شیکارییەکە بە دوو هەنگاوی سەرەکی ئەنجام دراوە. هەنگاوی یەکەم (Deductive) :(دەرئەنجامگیرییە) واتە: چوارچێوە پێوەرییەکە بە پشتبەستن بە بنەما قورئانییەکان داڕێژراوە و پاشان بەسەر گوتاری بەرنامەکاندا جێبەجێکراوە: شەش بنەماکە، سیستەمی ئاداب، چوار ئەرکەکە، حەوت ئاستەنگەکە، و تایبەتمەندییەکانی دیبەیتی قورئانی .هەنگاوی دووەم: خوێندنەوەییە: گوتاری (٥٢) ئەڵقەکە لەبەر ئەم چوارچێوەیەدا خوێندراوەتەوە بۆ دەرخستنی قاڵبی دیالۆگ، بەستێنی بەکارهێنانی شێوازەکان، بونیادی هەڵوێست و سەرچاوەکان، و نیشانەکانی پابەندبوون یان دوورکەوتنەوە لە پێوەرەکان. لە ڕووی کردارییەوە، خوێندنەوەکە بە پێنج هەنگاو ئەنجام دراوە :

یەکەم، هەڵێنجانی چوارچێوە پێوەرییەکە لە دەقی قورئانی و ئەدەبیاتی جێگیرەوە؛

دووەم، دیاریکردنی نیشانە گوتارییەکانی هەر پێوەرێک (بۆ نموونە: نەبوونی شێوازی پلارگرتن وەک نیشانەی ڕێزگرتن، یان ئامادەیی بۆچوونی دژ وەک نیشانەی فرەدەنگی)؛

سێیەم، خوێندنەوەی گوتاری ئەڵقەکان و تۆمارکردنی ئەو نیشانانە؛

چوارەم، دەرهێنانی قاڵبی گشتیی دیالۆگی هەر بەرنامەیەک لە کۆی نیشانەکانەوە؛

پێنجەم، حوکمدانی پێوەری لەسەر ئاستی پابەندبوون بە بەراوردکردنی قاڵبەکان لەگەڵ چوارچێوە قورئانییەکەدا .

لەم ڕیزبەندییەدا، هەر حوکمێکی پێوەری، لەسەر بنەمای بەڵگە گوتارییەکان دادەمەزرێت، نەک بە پشت بەستن بە لێکدانەوەی تاکەکەسیی توێژەر.

## ١.٧ ئامرازی شیکاری و متمانەپێکراویی توێژینەوە

ئامرازی سەرەکیی شیکاری لەم توێژینەوەیەدا «شیکاریی ناوەڕۆکی چۆنایەتی»یە، کە لە ڕێگەی خشتەیەکی کۆدکردنی پێوەرییەوە (بنەما، ئاداب، ئەرک، ئاستەنگ و تایبەتمەندییەکانی دیبەیت) بەسەر گوتاری ئەڵقەکاندا جێبەجێ کراوە؛ یەکەی شیکاریش «واتا و نیشانەی گوتاری»یە نەک ژمارە و دووبارەبوونەوە. بۆ دڵنیایی لە متمانەپێکراویی (Trustworthiness)شیکارییەکە، چوار ڕێکاری چۆنایەتی بەکارهێنراون: یەکەم، باوەڕپێکراویی (Credibility) لە ڕێگەی هێنانەوەی دەقی ڕاستەوخۆی گوتارەکان وەک بەڵگە بۆ هەر حوکمێکی پێوەری؛ دووەم، سێگۆشەکردنی سەرچاوەکان (Triangulation)بە خوێندنەوەی سێ بەرنامەی جیاواز کە سێ قاڵبی جیاواز نوێنەرایەتی دەکەن؛ سێیەم، وەسفی چڕ و قووڵ (Thick Description)بۆ هەر نموونەیەکی گوتاری لە بەستێنی خۆیدا؛ چوارەم، پێداچوونەوەی هاوتا (Peer Debriefing) لەگەڵ سەرپەرشتیاری زانستیدا بۆ نموونەیەکی هەڵبژێردراوی ئەڵقەکان، بۆ دڵنیابوون لە جێگیریی لێکدانەوەکان. بەم شێوەیە، متمانەی توێژینەوەکە لەسەر بەڵگەی گوتاری و شەفافیەتی لێکدانەوە دادەمەزرێت، نەک لەسەر پێوانەی ژمارەیی.

## ١.٨ کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە

زنجیرەی نموونەگرتنی ئەم توێژینەوەیە دوو قۆناغی جیاواز لەخۆ دەگرێت. لە قۆناغی یەکەمدا، بەرنامەکان هەڵبژێردران ئەویش لەڕێگەی : فۆرمێکی ڕاپرسی بەسەر نموونەیەکی (١٠٠) کەسی شارەزای بواری میدیای کوردی و پێگە بانگەوازییەکاندا دابەش کرا، کە لیستی (٣٧) پێگە و بەرنامەی بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردیی لەخۆ گرتبوو و داوای لە بەشداربووان دەکرد کاریگەرترینیان بۆ کاری بانگەوازیی دیالۆگی دیاری بکەن. بەپێی بەرزترین ئاستی دەنگ، سێ بەرنامە هەڵبژێردران: «دیالۆگ» (عەقڵانیی فیکری)،» پۆدکاستی نما» (کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ)، و «ئەزموونەکانی نزیکبوونەوە لە مردن «(ڕۆحیی سۆزداری). لێرەدا پێناسەیەکی کرداری پێویستە: لەم توێژینەوەیەدا سیفەتی »بانگەوازی» وەسفی ناوەڕۆکی خودی بەرنامەکەیە) واتە ئەو بەرنامەیەی گوتارە سەرەکییەکەی ئایینی ئیسلامە (نەک وەسفی ئاراستەی گشتیی ئەو پلاتفۆرمەی میوانداریی دەکات. بۆیە ئامادەبوونی هەندێک ئەڵقەی خاوەن ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی لە «دیالۆگ»دا، لە پۆلێنی بانگەواز دەریناکات، وەک لە ئەڵقەکانی (١٥) و (٢٢)دا دەردەکەوێت کە تەرخان کراون بۆ دیالۆگی نێوان ئایینەکان و پرسە شەرعییەکان. ئەم فرەییە لە جۆری پلاتفۆرمەکاندا (دەزگای ڕاگەیاندنی گشتی، میدیای گەنجان، کەناڵی تایبەت بە یەک بەرنامە) ڕووبینایەکی فراوانتر بە نموونەکە دەبەخشێت.

لە قۆناغی دووەمدا، ئەڵقەکان هەڵبژێردران. کۆمەڵگەی کردارییی توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەم ئەو ئەڵقانەی لە ماوەی (٢٠٢٠/١٠/٢٦) تا (٢٠٢٥/٨/١٩) لەسەر پلاتفۆرمە فەرمییەکانی هەر بەرنامەیەک بڵاو بوونەتەوە: «دیالۆگ» (١٢٣ ئەڵقە)، «ئەزموونەکان «(٥٠)، و «پۆدکاستی نما» (٢١). لەم کۆمەڵگەیەوە (٥٢) ئەڵقە بە نموونەگرتنی ئەگەری (Probability Sampling) هەڵبژێردران، کە بنەماکەی یەکسانیی هەلی هەڵبژاردنە بۆ هەموو یەکەکان و لایەنگیریی توێژەر لە کەمترین ئاستدا ڕادەگرێت؛ بەڵام بەهۆی جیاوازیی قەبارەی کۆمەڵگەکاندا، تەکنیکەکە بەپێی هەر بەرنامەیەک گونجێنرا: بۆ «دیالۆگ «نموونەگرتنی سیستەماتیکی هەڕەمەکی (Systematic Random Sampling) بە مەودای (٧)، بۆ» ئەزموونەکان» هەمان تەکنیک بە مەودای (٣)، و بۆ

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12581]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [4/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

«نما» ـ کە کۆمەڵگەکەی بچووکە و مەودا واتای نەدەبوو ـ نموونەگرتنی هەڕەمەکیی ساکار (Simple Random Sampling) بە دوورخستنەوەی هەڕەمەکیی چوار ئەڵقە.

ژمارەی نزیک لە یەکسانی ئەڵقەکان لە هەر بەرنامەیەکدا (١٨ و ١٧ و ١٧) لەسەر بنەمای نموونەگرتنی چینبەندیکراو بە دابەشکردنی یەکسان (Stratified Sampling with Equal Allocation) دامەزراوە، کە تێیدا هەر بەرنامەیەک چینێکە و لە هەر چینێکدا تەکنیکێکی ئەگەری بەکارهاتووە. مەبەست لێی ئەوەیە هەر سێ گوتارەکە بە کێشێکی نزیک لە یەکسان لە شیکارییەکەدا نوێنەرایەتی بکرێن، چونکە ئامانجی توێژینەوەکە بەراوردکردنی ڕەنگدانەوەی دیالۆگە لە نێوان ئەم سێ گوتارەدا، نەک نوێنەرایەتیی ڕێژەیی قەبارەی هەر بەرنامەیەک. بۆیە جیاوازیی ڕێژەی داپۆشین لە نێوان بەرنامەکاندا (نزیکەی ١٥٪ لە «دیالۆگ» بەرامبەر ٨١٪ لە «نما») دەرئەنجامێکی سروشتی و چاوەڕوانکراوی ئەم دابەشکردنە یەکسانەیە، نەک کەموکوڕیی نموونەگرتن. هەروەها ئەم (٥٢) ئەڵقەیە بەپێی ڕیزبەندییەکی بابەتیی لۆژیکی ڕێک خراون ـ گەشتێک لە گوتاری عەقڵانییەوە بەرەو گوتاری ڕۆحی ـ نەک بەپێی ڕێکەوتی بڵاوبوونەوە؛ و ناولێنانی «ساڵی دەستکردی شیکاری» تەنها ئامرازێکی ڕێکخستنە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نموونەکەدا وەک یەکەیەکی شیکاریی یەکگرتوو، نەک بانگەشەی هاوتاییەکی کاتی لەگەڵ ساڵێکی تەواودا.

**خشتەی (١): کۆمەڵگەی کرداری و نموونەی ئەگەریی توێژینەوەکە**

| بەرنامە | قاڵبی گوتار | کۆمەڵگە (کۆی ئەڵقە) | نموونەی ئەگەری |
|---|---|---|---|
| **دیالۆگ** | **دیبەیتی فرەدەنگ** | **١٢٣** | **١٨** |
| **ئەزموونەکان** | **گێڕانەوەیی ستوونی** | **٥٠** | **١٧** |
| **نما** | **ڕاوێژکاریی فێرکاری** | **٢١** | **١٧** |

### ١.٩ سنوورەکانی توێژینەوە

توێژینەوەکە بە سێ سنوور دیاری دەکرێت:

سنووری بابەتی: بنەما و ئاداب و ئەرک و ئاستەنگەکانی دیالۆگی قورئانی و ڕەنگدانەوەیان لە گوتاری بانگەوازیدا؛

سنووری شوێنی: سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە؛ چونکە هەر سێ پێگە بانگەوازییەکەی نموونەکە لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێنرێن و ئاراستەی وەرگری کوردن.

سنووری کاتی: لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە لە (٢٦)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٠)ەوە دەستی پێکردووە و تا (١٩)ی ئابی (٢٠٢٥) بەردەوام بووە؛ بەرواری دەستپێک گوزارشت لە مێژووی بڵاوکردنەوەی کۆنترین ئەڵقەی بەردەست لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا دەکات، و ئەم ماوەیەش ئەو ماوەیەیە کە کۆمەڵگەی کرداری و نموونەکەی تێیدا کۆکراوەتەوە و شیکاری بۆ کراوە.

### ١.١٠ توێژینەوەکانی پێشوو

لە نامە دکتۆراییەکەدا کە ئەم توێژینەوەیەی لێ هەڵێنجراوە، هەژدە توێژینەوەی پێشوو لە سێ تەوەردا هەڵسەنگێنراون؛ لێرەدا سێ نموونەی نزیکترین بە ئاراستەی پێوەریی ئەم توێژینەوەیە دەخرێنەڕوو:

**یەکەم: توێژینەوەی (حەسەن، ٢٠٢٤)** بە ناونیشانی «بەرنامەکانی گفتوگۆی تەلەفزیۆنیی و کاریگەرێتییەکانی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان»، تێزی دکتۆرایە لە بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی. ئامانجی دەرخستنی کاریگەریی بەرنامە گفتوگۆییەکانی میدیای کوردی بووە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی؛ بە ڕێبازی وەسفیی چۆنایەتی و بەکارهێنانی شیکاریی ناوەڕۆک بۆ سێ بەرنامەی گفتوگۆیی (ڕەنج، تاووتوێ، پانۆراما) لەگەڵ ڕاپرسی بۆ بینەران، گەیشتووەتە زاڵبوونی ناوەڕۆکی سیاسی-کۆمەڵایەتی و لاوازیی ئاستی بینین. خاڵی هاوبەش لەگەڵ توێژینەوەی ئێستادا لەوەدایە کە هەردووکیان لە بەشی ڕاگەیاندندان، لەسەر بەرنامەی دیالۆگیی میدیای کوردی و بە نموونەی سێ بەرنامەی دیاریکراو کاردەکەن، و لە ڕێبازی شیکاریی ناوەڕۆک سوود وەردەگرن؛ بەڵام خاڵی جیاکەرەوە لەوەدایە کە بابەتی حەسەن سیاسی-کۆمەڵایەتییە و لەسەر تەلەفزیۆنی باوی و کاریگەریی وەرگر دەوەستێت، لە کاتێکدا توێژینەوەی ئێستا بابەتەکەی بنەما و ئادابی دیالۆگی قورئانییە، لەسەر پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، و پێوەرەکانی لە دەقی قورئانەوە هەڵدەهێنجێت؛ بەمەش شیکردنەوەی دیالۆگی میدیایی لە تەلەفزیۆنەوە بۆ ژینگەی دیجیتاڵیی بانگەواز دەگوازێتەوە.

**دووەم: توێژینەوەی (الغفيلي، ٢٠١٠)** بە ناونیشانی «دور المواقع الإلكترونية الإسلامية في الدعوة إلى الله»، نامەی ماستەرە لە کۆلێژی الدعوة والإعلام لە زانکۆی الإمام محمد بن سعود. ئامانجی دەرخستنی ڕۆڵی ماڵپەڕە ئیسلامییەکان بووە لە بڵاوکردنەوەی بانگەواز و مەرجەکانی سەرکەوتنیان؛ بە ڕێبازی وەسفیی شیکاری ژمارەیەک ماڵپەڕی پشکنیوە و گەیشتووەتە ئەوەی کە ئەم ماڵپەڕانە ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە بەڵام کێشە سەرەکییەکانیان لاوازیی شێوازی پێشکەشکردن و کەمبایەخدانە بە دیالۆگی دووئاراستە واتە زۆربەیان یەکلایەنە پەیام دەگەیەنن. خاڵی هاوبەش ئەوەیە کە هەردوو توێژینەوەکە کوالیتیی بانگەوازی ئەلیکترۆنی هەڵدەسەنگێنن و لاوازیی دیالۆگ دەکەنە کێشەیەکی ناوەندی؛ بەڵام خاڵی جیاکەرەوە لەوەدایە کە الغفيلي هەڵسەنگاندنێکی گشتیی تەکنیکی و ناوەڕۆکیی بۆ ماڵپەڕە عەرەبییەکان کردووە بەبێ چوارچێوەیەکی قورئانیی دیاریکراو بۆ خودی دیالۆگ، لە کاتێکدا توێژینەوەی ئێستا ڕێک ئەو چوارچێوە قورئانییە دادەڕێژێت و لەسەر بەرنامە کوردییەکان پیادەی دەکات.

**سێیەم: توێژینەوەی (عثمان، ٢٠٠٥)** بە ناونیشانی «الحوار في القرآن الكريم ودلالاته التربوية»، نامەی ماستەرە لە زانکۆی النجاح الوطنية لە نابلس. ئامانجی دەرخستنی چەمک و جۆرەکانی دیالۆگی قورئانی و هەڵێنجانی ئاماژە پەروەردەییەکانی بووە؛ بە ڕێبازی وەسفیی شیکاری ئایەتە دیالۆگییەکانی پۆلێن کردووە و گەیشتووەتە ئەوەی کە دیالۆگ لە قورئاندا میتۆدێکی بنەڕەتیی بانگەواز و فێرکردنە و خاوەنی سیستەمێکی بەرزی ئادابە (زانست، نەرمی،

گوێگرتن، ڕێزگرتن). خاڵی هاوبەش لەگەڵ توێژینەوەی ئێستادا لەوەدایە کە هەردووکیان سیستەمی ئاداب و بنەماکانی دیالۆگی قورئانی دەستنیشان دەکەن؛ بەڵام خاڵی جیاکەرەوە لەوەدایە کە عثمان لە چوارچێوەی دەقی قورئان و لایەنی پەروەردەییدا ماوەتەوە، لە کاتێکدا توێژینەوەی ئێستا ئەو سیستەمە دەگوازێتەوە بۆ مەیدانی میدیای دیجیتاڵ و دەیکاتە ئامرازی هەڵسەنگاندنی گوتاری بانگەوازیی کوردی.

لەم پێشینەیەوە کەلێنە توێژینەوەییەکە ڕوون دەبێتەوە: توێژینەوەکانی پێشوو یان بەرنامەی دیالۆگیی میدیای کوردییان لە ڕووی کاریگەریی کۆمەڵایەتییەوە شیکردووەتەوە بەبێ پێوەری قورئانی (حەسەن)، یان لاوازیی دیالۆگیان لە بانگەوازی ئەلیکترۆنیدا دەستنیشان کردووە بەبێ چارەسەری پێوەری (الغفيلي)، یان سیستەمی ئادابی دیالۆگی قورئانییان لە چوارچێوەی پەروەردەییدا هێشتووەتەوە (عثمان). هیچ یەکێکیان ئەو سێ هێڵە پێکەوە نەبەستووەتەوە، و ئەم توێژینەوەیە ڕێک ئەو کەلێنە پڕ دەکاتەوە.

لە ڕووی سوودوەرگرتنیشەوە: لە (حەسەن، ٢٠٢٤)ەوە شێوازی پۆلێنکردنی بەرنامە دیالۆگییەکانی میدیای کوردی و دارشتنی خشتەی بەراوردکاری وەرگیراوە؛ لە (الغفيلي ٢٠١٠)ەوە دەستنیشانکردنی «لاوازیی دیالۆگی دووئاراستە» وەک کێشەیەکی ناوەندی، کە لێرەدا کراوەتە یەکێک لە نیشانەکانی هەڵسەنگاندن؛ و لە (عثمان، ٢٠٠٥)ەوە پۆلێنی سەرەتایی ئادابی دیالۆگی قورئانی، کە لێرەدا لە ئاستی باسی پەروەردەییەوە گواستراوەتەوە بۆ ئاستی چوارچێوەیەکی هەڵسەنگاندنی میدیایی.

### ١.١١ زاراوەکانی توێژینەوە

بەپێی نەریتە زانستییەکە، لێرەدا تەنیا ئەو زاراوانە پێناسە دەکرێن کە لە ناونیشانەکەدا هاتوون؛ زاراوەکانی تر لە شوێنی یەکەم بەکارهێنانیاندا پێناسە کراون. ئەم پێناسانە کارپێیین، بەپێی چۆنیەتیی بەکارهێنانیان لەم توێژینەوەیەدا:

1. ڕەنگدانەوە: دەرکەوتن و بەرجەستەبوونی بنەما و ئادابە قورئانییەکانە لە گوتاری بەرنامەکاندا، جا بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت (وەرگرتنی دەق و فەرمانە قورئانییەکان) یان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ (پابەندبوونی کرداری بە ناوەڕۆکەکانیانەوە بەبێ وەرگرتنی دەق).
2. بنەما: ئەو مەرجە بنەڕەتییانەن کە دیالۆگ لە فەرمانڕەواییی یەکلایەنە جیا دەکەنەوە؛ شەش بنەمان کە لە دەقی قورئانییەوە هەڵهێنجراون: یەکسانیی ئاکاری، بەڵگەخوازی، گوێگرتن و نۆرەپارێزی، جیاکردنەوەی دیدگا لە کەس، دڵسۆزی، و کراوەیی.
3. ئاداب: ئەو ڕێسا ڕەفتارییانەن کە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی دیالۆگ ڕێک دەخەن وەک حەقخوازی، نەرمی، ڕێککەوتن لەسەر بنەما هاوبەشەکان، و بەرگەگرتنی بیری جیاواز بەو شێوەیەی لە ئەدەبیاتی بوارەکەدا کۆکراونەتەوە و پۆلێن کراون.
4. دیالۆگی قورئانی پیرۆز: ئاڵوگۆڕی وتەیە لە نێوان دوو لایەن یان زیاتردا بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستی یان نزیککردنەوەی بۆچوونەکان، بەو شێوەیەی لە دەقی قورئانی پیرۆزدا هاتووە، بە بنەما و ئاداب و ئەرک و بەرپرسیارەتییەکانیەوە.
5. بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردی: پرۆسەی گەیاندنی پەیامی ئایینیی ئیسلامییە بە زمانی کوردی و بە هۆکارە دیجیتاڵییەکانەوە (پێگە و بەرنامە ئەلیکترۆنییەکان)، کە لەم توێژینەوەیەدا بە سێ بەرنامەکەی نموونەکە سنووردار کراوە.

٦. گوتاری ئایینیی کوردی: کۆی ئەو دەقە وتراو و بینراوەی ناوەڕۆکی ئایینییە کە بە زمانی کوردی لە بەرنامە بانگەوازییەکاندا پێشکەش دەکرێت (قسەی پێشکەشکار و میوان و شایەتحاڵ)، و لەم توێژینەوەیەدا لە ئاستی ئاشکرادا (بەبێ لێکدانەوەی نیازی ناوەکی) دەخوێنرێتەوە.

## تەوەری دووەم: تیۆری: چەمکی دیالۆگ

### ٢.١ دیالۆگ لە میدیادا: لە گۆشەنیگای تیۆرییەوە بۆ ڕێکاری پێوانەکردن

لە ئەنجامی خوێندنەوەی دیالۆگ وەک ئەرکێکی میدیاییی جیاکەرەوە و سەربەخۆ ئەم توێژینەوەیە دەگاتە ئەوەی کە پشت بە چوار هێڵی یەکگرتوو ببەستێت:

١. هێڵی ئەزموونی: دوای دەرکەوتنی «وێبی ٢.٠» (نەوەی دووەمی وێب)، جەماوەری هاوچەرخ بە چالاکی داوای بەشداریی دیالۆگی دەکات؛ ئەو پێگانەی دیالۆگی ڕاستەقینە دابین دەکەن، لە پێوەرەکانی بەشداری و متمانە و باوەڕپێکراویدا بەردەوام پێش پێگە تاک-دەنگەکان (وێبی ١.٠) دەکەون.

٢. تیۆریی بۆشاییی گشتیی هابرماس: میدیا ناتوانێت ئەرکە دیموکراسییەکەی، کە بریتییە لە پاراستنی بۆشاییی گشتیی گوتاری عەقڵانی ڕەخنەگرانە، جێبەجێ بکات بەبێ ئەوەی ئاسانکاری بۆ دیالۆگی گشتیی ڕاستەقینە بکات (Habermas, 1989, pp. 1–26).

٣. تیۆریی پەیوەندیکردنی ئیسلامی: چوارچێوە پەیوەندیکارییەکەی (النحل/١٢٥) کە بریتییە لە دانایی و حیکمەت، ئامۆژگاری و ڕێنوێنی چاك، و موجادەلە بە باشترین شێوە. سێ ئاراستەی پەیوەندیکاریی ئەرکی دیاری دەکات، کە دوانیان لە بنەڕەتدا خەسڵەتی دیالۆگییان هەیە و هیچیان بە تەواوی لەلایەن پێنج ئەرکە کلاسیکییەکەی میدیاوە ناگیرێن.

٤. توێژینەوەی پەیوەندییە گشتییەکان: لە سەرانسەری چوارچێوە جیاوازەکاندا سەلمێنراوە کە پەیوەندیکردنی دیالۆگی، بەراورد بە مۆنۆلۆگی، دەرئەنجامی باڵاتر لە متمانە، باوەڕپێکراوی و کوالیتیی پەیوەندیدا بەرهەم دەهێنێت (Kent & Taylor, 2002, pp. 21–37).

ئەم چوار هێڵە پێکەوە دەیسەلمێنن کە دیالۆگ ڕەهەندێکی ناوەندیی ئەرکەکانی میدیایە، نەک پۆلێکی پەراوێزخراو. بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە لە چەمکێکی گشتییەوە ببێتە پێوەرێکی کردەیی، دەکرێت لە چەمکی «دۆخی ئایدیالیی قسەکردن»ی هابرماسەوە سێ مەرجی پێویست بۆ دیالۆگی ڕاستەقینە وەک ئەرکێکی میدیایی دەستنیشان بکرێن، مەرجەکانیش ئەمانەن: (یەکسانی)، (وەڵامدانەوە)، و (ڕاستگۆیی) کە هاوکات پێوەری تیۆری و گۆڕاوی پێوانەکردنن (Habermas, 1970, pp. 360–375)

ئەم سێ مەرجە سنووری نێوان دیالۆگی ڕاستەقینە و دیالۆگی ڕواڵەتی دەکێشن؛ جیاکردنەوەیەک کە بۆ هەڵسەنگاندنی گوتاری بانگەوازی خاڵێکی سەرەکییە. بە یەکخستنی پێنج نەریتی تیۆری تیۆریی ئەرکەکانی میدیای کلاسیک (McQuail, 2010, pp. 100–115)، کردەی پەیوەندیکاریی هابرماسی (Habermas,


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12581]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [4/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

چوارچێوە دیالۆگییەکەی کێنت و تایلۆر (Kent & Taylor, 2002, pp. 21–37)، دیالۆگیزمی باختین (Bakhtin, 1984, pp. 5–46)، و پەروەردە دیالۆگییەکەی فرەیرێ (Freire, 1970, pp. 71–86) ئەم توێژینەوەیە پێنج پێکهێنەری ئەرکی میدیایی دیالۆگی دەڕازێنێتەوە؛ ئەم پێنج پێکهێنەرە داڕشتنی توێژەرن بۆ مەبەستی ئەم شیکارییە، نەک وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە یەکێک لەو سەرچاوانە:

١. توانای کەناڵ: توانا تەکنیکییەکەی پێگەکە بۆ پاڵپشتیی پەیوەندیکردنی دوو ئاراستەیی.

٢. ئاراستەی پەیوەندیکار: کراوەیی ڕاستەقینەی دامەزراوەکە بۆ دیدگای جەماوەر وەک هاوبەشی پرۆسەکە، نەک سەرچاوەیەکی بەڕێوەبردن.

٣. دیزاینی پەیام: دروستکردنی ناوەڕۆکێک کە لە بنەڕەتدا دیالۆگی بێت، وەک پێشبینیکردن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی جەماوەر (مۆدێلی موجادەلە)، خستنەڕووی پاساو بە بەڵگەی ڕوون (مۆدێلی حیکمەت)، و چوارچێوەسازیی ناوەڕۆک بە چەقبەستوویی لەسەر جەماوەر (مۆدێلی مەوعیزەی حەسەنە).

٤. بەهێزکردنی جەماوەر: بونیادنانی توانای جەماوەر بۆ بەشداریی ڕەخنەگرانە لە بری پەروەردەکردنی پشتبەستن بە دەسەڵاتی پەیوەندیکار، کە جێبەجێکردنێکی ڕاستەوخۆی ئامانجی مەعریفەیە بەسەر باودا.

٥. شەفافیەتی دامەزراوەیی: ئاشکراکردنی هەڵوێستە سەرنووسەرییەکان و پەیوەندییە ڕێکخراوەییەکان بە شێوەیەک کە جەماوەر بتوانێت ناوەڕۆکەکە بە ڕەخنەگرانە هەڵبسەنگێنێت.

ئەم پێنج پێکهێنەرە چوارچێوەیەکی شیاوی کارپێکردن دابین دەکەن بۆ شیکردنەوەی ئەرکی دیالۆگیی هەر پێگەیەکی میدیایی.

ئەم توانا تەکنیکییانەی دوای (وێبی ٢.٠) ڕێک ئەو پێکهێنەرانەن کە کێنت و تایلۆر لە (١٩٩٨)دا لەسەر ئاستی تیۆری وەک «بەڵێنی دیالۆگی» دەستنیشانیان کردبوو (Kent & Taylor, 1998, pp. 321–334): «بازنەی دیالۆگی» بە کۆمێنت و دەروازەی پرسیار و وەڵام و نامەی ڕاستەوخۆ کاری پێدەکرێت؛ «هێشتنەوەی وەرگر» بە سیستەمی بەشداری و ئاگادارکردنەوەی خێرا؛ و «هاندانی بەکارهێنەر بۆ گەڕانەوە» بە خشتەی پەخشی بەردەوام و بەرنامەی وەرزیی گونجاو لەگەڵ بۆنە ئایینییەکاندا (Taylor, Kent & White, 2001, pp. 263–284). سۆشیاڵ میدیاش بازنەی دیالۆگی لە ناوکی خۆیدا جێگیر کردووە: هەر پۆستێک بانگهێشتێکە بۆ وەڵامدانەوە، و تەواوی ئاڵوگۆڕەکە بە ئاشکرا دەردەکەوێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، توێژینەوەکان دەیسەلمێنن کە ڕێکخراوە میدیاییەکان (لەوانەش پێگە بانگەوازییە ئایینییەکان) سۆشیاڵ میدیا بە پلەی یەکەم بۆ پەخشی یەک ئاراستەیی بەکاردەهێنن، نەک بۆ دیالۆگی ڕاستەقینە؛ ئەم دیاردەیە لە (الشهري، ٢٠١٥)دا بە وردی دەرخراوە. لێرەدا جیاکارییەکەی ئەندەرسۆن و هاوکارانی بەسوودە، کە چوار ئاستی بەشداری جیا دەکاتەوە: وەڵامدانەوە، کارلێککاری، بەشداریی بەردەوام، و دیالۆگی تەواوەتی (Anderson, Swenson & Gilkerson, 2016, pp. 4095–4116). بەپێی هەمان ئەدەبیات (Kent & Taylor, 2002, pp. 21–37؛ Anderson, Swenson & Gilkerson, 2016, pp. 4095–4116)، ڕێکخراوەکانی بانگەواز بەگشتی لە ئاستی وەڵامدانەوەدا دەمێننەوە، لە کاتێکدا زانا ئایینییە سەربەخۆکانی سەر یوتیوب و فەیسبووک بە فۆرماتی دانیشتنە ڕاستەوخۆکانیان، دیالۆگی ڕاستەقینەتر پەیڕەو دەکەن و وەک «نموونەی جیاواز» لەو دۆخە گشتییە دەردەکەون.

**حەوت ئامرازی کردەیی ئەرکی دیالۆگی لە پێگە دیجیتاڵییەکاندا**

لە ئاستی میکانیزمە کردەییەکانیشدا، حەوت ئامرازی سەرەکی دەستنیشان کراون کە ئەرکی دیالۆگی لەسەر پێگە دیجیتاڵییەکان پێ پیادە دەکرێت؛ بوون و کوالیتیی ئەم ئامرازانە ڕەهەندێکی پێوانەکراوی ئەم ئەرکەن:

١. بەشی پرسیارە باوەکان (FAQ): ئامرازێکە بۆ پێشبینیکردنی ئەو پرسیارانەی لەلای جەماوەرەوە دروست دەبن و وەڵامدانەوەی پێشوەختیان بۆ دەکرێت.

٢. دەروازەی کارلێککارییەکانی پرسیار: بریتییە لە ڕێکارێکی کردەیی بۆ خستنەڕووی پرسیارەکان، کە بە ڕاستەوخۆترین فۆرمی «بازنەی دیالۆگی» دادەنرێت.

٣. سیاسەتی کۆمێنت: پابەندبوونە بە ڕێزگرتن لە جیاوازیی بۆچوونەکان و ڕێگەدان بە دەنگە جیاوازەکان، لەبری فلتەرکردن و سڕینەوەیان.

٤. سیاسەتی ڕاستکردنەوە: بریتییە لە دانپێدانان بە هەڵەکان و پابەندبوون بە شەفافیەت، کە ئەمەش مەرجی «ڕەسەنایەتی» لە پەیوەندیکردندا جێبەجێ دەکات.

٥. ناوەڕۆکی پێشکەشکراوی جەماوەر: بەکارهێنانی بەرهەمی خودی بینەران و بڵاوکردنەوەیان لە تەنیشت ناوەڕۆکی پێگەکەدا، بۆ کاڵکردنەوەی سنووری نێوان بەرهەمهێنەر و وەرگر.

٦. دانیشتنە ڕاستەوخۆکانی پرسیار و وەڵام: بەکارهێنانی فۆرمی «لایڤ» بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی خێرا و ڕووبەڕوو لەگەڵ جەماوەر.

٧. مەکۆکانی دیالۆگی کۆمەڵگە: ئاسانکاری بۆ دیالۆگی «جەماوەر بۆ جەماوەر» لە چوارچێوەی پێگەکەدا. سەرەڕای ئەم هەموو توانایە، گرنگترین دۆزینەوەی دوو دەیە توێژینەوە ئەوەیە کە هەبوونی توانای دیالۆگ زۆر جیاوازە لە دۆزینەوەی نموونەی ڕاستەقینەی بەشداریی دیالۆگی؛ ئەم کەلێنەش هەم بە دیزاینی خودی پلاتفۆرمەکان دەبەسترێتەوە و هەم بە کردەوەی ڕێکخراوەکانەوە (Kent & Taylor, 2021, pp. 1–10).

ئەدەبیاتی بوارەکە چوار ڕوونکردنەوە بۆ ئەم «بۆشاییە» دەخاتەڕوو: (١) دامەزراوەیی ـ دیالۆگی ڕاستەقینە دەتوانێت هەڵوێستی ڕێکخراوەکە بگۆڕێت، بۆیە وەک مەترسی سەیر دەکرێت؛ (٢) سەرچاوەیی ـ ئاسانکاریی بەردەوامی دیالۆگ پێویستی بە هێزی مرۆیی و داراییە کە ڕێکخراوە بچووکەکان خاوەنی نین؛ (٣) ئایدیۆلۆژی ـ هەندێک ڕێکخراوی ئایینی گفتوگۆ لەسەر ڕاستییە پیرۆزەکان بە کەمکەرەوەی شکۆیان دەزانن؛ (٤) چوارچێوەیی ـ لە ژینگە سیاسییە هەستیارەکاندا، کردنەوەی دەرگای دیالۆگ ئاڵۆزیی یاسایی دروست دەکات. تێگەیشتن لەم هۆکارانە

هێندەی خودی بۆشاییەکە گرنگە (Baumgartner, Fürst & Schönhagen, 2021, pp. 1–11).

بەم پێیە، کاتێک پێگە بانگەوازییە کوردییەکان پەیڕەوی ئەم مۆدێلە قورئانییە دەکەن یان لێی لادەدەن، ئەمە تەنها گۆڕینی شێوازی قسەکردن نییە؛ بەڵکو بە مانای ئەوەیە کە ئایا ئەوان ئەرکە پیشەییەکەیان وەک میدیاکار و ئەرکە ئایینییەکەیان وەک بانگەوازکار جێبەجێ دەکەن یان نا. چونکە سەرکەوتنی ئەم بەرنامانە لە گەیاندنی پەیامەکەیان بۆ جەماوەرەکە، ڕاستەوخۆ بەندە بەوەی چۆن ئەم دیالۆگە بەکاردەهێنن، هەر بۆیە پێویستە بە وردی و بە زانستی شیکاری بۆ ئەم بەرنامانە بکرێت.

## ٢.٢ پێگەی دیالۆگ لە قورئانی پیرۆزدا و بونیادە فرەدەنگیەکەی

قورئانی پیرۆز دەرگای دیالۆگ بە گفتوگۆی نێوان خودای گەورە و فریشتەکان لەسەر ئامادەکردنی ئادەم (سەلامی خوای لێ بێت) بۆ بەرپرسیارێتیی سەر زەوی دەکاتەوە (بەقەرە/٣٠). لەوێشەوە، دەقەکە بە زنجیرەیەکی درێژی دیالۆگدا تێدەپەڕێت: وەک دیالۆگی نوح لەگەڵ گەلەکەی، ئیبراهیم لەگەڵ باوکی و نەمرود، موسا لەگەڵ فیرعەون، و سلێمان لەگەڵ بەلقیس. تایبەتمەندییە دەقناسییە سەرنجڕاکێشەکە ئەوەیە کە قورئان دەنگی لایەنە جیاوازەکان دەپارێزێت، تەنانەت دژبەرەکانیش، بەبێ شێواندن بە شێوازی ڕاستەوخۆ دەگوازێتەوە. توێژینەوە هاوچەرخەکان ئەم ی باختین (Polyphony) «دیاردەیە بە چەمکی «فرەدەنگی دەخوێننەوە و دەیسەلمێنن کە (Bakhtin, 1984, pp. 5–46) قورئان بونیادێکی فرەدەنگیی هەیە؛ ئەمەش خۆی لە خۆیدا بناغەیەکی کولتوورییە بۆ برەودان بە بەهاکانی گوێگرتن و ئازادیی هەڵبژاردن(پیروز، ١٣٩١ش، ل٤٥–٥٦).

ئەم بونیادە فرەدەنگە خۆی یەکەم نیشانەی ئەوەیە کە دیالۆگ لە قورئاندا سیستەمە، نەک تەکنیک. وردبوونەوە لەم زنجیرەیەدا دەریدەخات کە دیالۆگی قورئانی هەموو ئاست و بارودۆخێک دەگرێتەوە: دیالۆگی ئاسمانی لەگەڵ فریشتەکان، دیالۆگی پەیامبەر لەگەڵ باوکی بتپەرست، دیالۆگی پاشا لەگەڵ شاژنێکی نامسوڵمان، و دیالۆگی زۆردارترین دەسەڵات (فیرعەون) لەگەڵ نێردراوی خودا. لە هەموو ئەم بارانەدا، دەنگی لایەنی بەرامبەر پرسیارەکەی، نارەزاییەکەی، بگرە گاڵتەکەشی بە دەقی خۆی دەگوازرێتەوە و پاشان وەڵام دەدرێتەوە. ئەم دەستپاکییە لە گواستنەوەی دەنگی دژبەردا، کە لە دەقە ئایینییەکاندا دیاردەیەکی دەگمەنە، هەم بنەمای یەکسانیی ئاکاری دەچەسپێنێت و هەم پێوەرێکی بەرز بۆ هەر گوتارێکی بانگەوازی دادەنێت: دیالۆگی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بەرامبەرەکە بە دەنگی خۆی تێیدا ئامادە بێت.

## ٢.٣ بنەماکانی دیالۆگی قورئانی

لە خوێندنەوەی دیالۆگە قورئانییەکاندا شەش بنەمای شیکاری دەردەکەون کە مەرجی بوونی دیالۆگی ڕاستەقینەن:

یەکەم، یەکسانیی ئاکاری: هەردوولای دیالۆگ، تەنانەت ئەگەر یەکیان پەیامبەر و ئەویتریان دژبەری بەرامبەر بێت، مافی قسەکردن و وەڵامدانەوەیان هەیە، ئەمە بنەمایەکە کە قورئان بە سەدان ساڵ پێش دارشتنی بنەما ئاکارییەکانی هابرماس دایمەزراندووە. نموونە بۆ ئەم خاڵە: دیالۆگی نێوان ئیبراهیم (س) و نەمرودە لە (البقرة: ٢٥٨) کە قورئان دەنگی پێغەمبەرکەی خۆی و دژبەرەکەی وەك یەك بەیەکسانی و بە ڕاشکاوی دەگوازێتەوە: (قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ) لێرەدا قورئان وەک هاوبەشێک لە دیالۆگدا مامەڵە لەگەڵ دژبەردا دەکات و مافی دەربڕینی یەکسانی ڕای پێ دەدات، ئەمە ئەو بنەما ئاکارییە پێشوەختەیە کە هابرماس لە چوارچێوەی «ئاکاری پەیوەندی»دا دایمەزراندووە.

دووەم، بەڵگەخوازی: قورئان بەڵگە دەکاتە پێوەری یەکلاکەرەوەی ڕاستگۆیی و ناکۆکییەکان، وەک لە فەرمانی خوادا بۆ خاوەن بیروباوەڕە جیاوازەکان دەردەکەوێت: (قُلْ هاتوا بُرْهانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صادِقينَ) (البقرة/١١١)، لێرەدا دیالۆگ لەسەر بنەمای بەڵگەخوازی و سەلماندن بەڕێوە دەچێت، نەک لاساییکردنەوەی بێ بنەما؛ ئەمە جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە ڕاستی بە بڕگە و بەڵگەی سەلمێنراو دەردەکەوێت.

سێیەم، گوێگرتن و نۆرەپارێزی: قسەی هەر لایەک بە تەواوی و بەبێ پچڕان دەگوازرێتەوە، پێش ئەوەی وەڵام بدرێتەوە. نموونەی ڕوونی ئەمە، پرسیاری وردی فریشتەکانە لەسەر جێنشینیی مرۆڤ (البقرة/٣٠)؛ قورئان سەرەتا دەرفەتی تەواویان پێ دەدات تا نیگەرانی و بۆچوونەکانیان بە تەواوی دەرببڕن، دواتر وەڵامێکی گشتگیریان دەداتەوە کە ئەمەش سەرەتایەکی پێشکەوتووە بۆ «گوێگرتنی چالاک».

چوارەم، جیاکردنەوەی دیدگا لە کەس: ڕەخنەی قورئانی تەنها ئاراستەی بیروباوەڕ و کردارەکان دەکرێتەوە، نەک هێرشکردنە سەر کەسایەتیی بەرامبەر. ئەم ڕێبازە پێچەوانەی ئەو هەڵەیە کە لە دەناسرێتەوە؛ کە (Ad Hominem) لۆژیکی هاوچەرخدا بە وشەیەکی لاتینیە واتە: (بەرەو مرۆڤەکە) بەڵام مەبەستەکە جیاوازە کە بریتییە لە هەڵەیەکی لۆژیکی کە تیایدا لە بری ڕەتکردنەوەی بۆچوونی بەرامبەر، پەلاماری کەسایەتیی دەدرێت و هەندێجار مەلەفی ڕابردووی هەڵدەدرێتەوە. بەڵام قورئان لە گێڕانەوەی دیالۆگەکانیدا توانیویەتی ململانێ فیکرییەکان لە چوارچێوەی "بابەتیبوون"دا بهێڵێتەوە و لە تانەدان لە کەسایەتی بەدوور بێت. نموونە: لە زۆرینەی دیالۆگی پێغەمبەران لەگەڵ گەلەکەیاندا، "دژبەران پەنا دەبەنە بەر هێرشی کەسی و بە "شێت" یان "درۆزن ناویان دەبەن، وەک لە ئایەتی: (أَأُلْقِيَ الذِّكْرُ عَلَيْهِ مِن بَيْنِنَا بَلْ هُوَ كَذَّابٌ أَشِرٌ) (القمر/٢٥) دەردەکەوێت؛ کەچی پێغەمبەران لە وەڵامدا هەرگیز تۆڵەی کەسی ناکەنەوە و ناچنە ئاستی سووکایەتیکردن بەوانەوە، بەڵکو تەنیا تەرکیز لەسەر ڕاستیی پەیامەکەیان دەکەنەوە و دەڵێن: (وَلَٰكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ) (الأعراف/٦١)، ئەمەش بەڵگەی باڵایی قورئانە لە جیاکردنەوەی دیدگا لە کەسایەتی.

پێنجەم، دڵسۆزی و ڕاستی: ئامانجی سەرەکی لە دیالۆگی قورئانیدا گەیشتنە بە حەقیقەت، نەک سەرکەوتنی ڕواڵەتی یان شکاندنی بەرامبەر. قورئان فێرخوازانی دیالۆگ هان دەدات بۆ بەکارهێنانی زمانی نەرم و دڵسۆزانە بۆ گەیاندنی حەقیقەت، وەک لە فەرمانی خودا بۆ موسا و هارون لە کاتی دیالۆگکردن لەگەڵ فیرعەوندا هاتووە: (فَقُولَا لَهُ قَوْلًا لَّيِّنًا لَّعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَىٰ) (طه/٤٤). لێرەدا «نەرمی» و «دڵسۆزی» لە دیالۆگدا وەک

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12581]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [4/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

ستراتیژێکی بانگەوازی بۆ هێنانەدیی حەقیقەت بەکار هاتووە، نەک بۆ سووککردنی تاوانی بەرامبەر؛ بەڵکو بۆ ئەوەی ڕێگەی گەڕانەوە بۆ لای ڕاستی بە کراوەیی بهێڵدرێتەوە، کە ئەمە نیشاندەری ئەوەیە دیالۆگ لەوێدا ئامرازێکە بۆ دەربرینی هەستی دڵسۆزی و گەیشتن بە ڕاستی، نەک ململانێی بەرژەوەندی.

شەشەم، کراوەیی و قبوولکردنی ڕاستی: کاتێک یەکێک لە لایەنەکان ڕاستی بۆ ڕوون دەبێتەوە، دەقەکە گۆڕانکارییە ئەرێنییەکەی تۆمار دەکات. دیارترین نموونە، دانپێدانانی بەلقیسە لە کۆتایی دیالۆگەکەیدا لەگەڵ حەزرەتی سلێمان (س): (رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي وَأَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمَانَ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ)؛ (النمل/٤٤) (الطبري، ٢٠٠٠م، ج١٩، ل٤٧٢–٤٧٥)؛ واتە دیالۆگی قورئانی دیالۆگێکی کراوەیە کە ئاکامەکەی لە گۆڕاندایە، نەک شانۆیەکی داخراو. ئەمە ئەوپەڕی کراوەیی دەروونی و بوێرییە بۆ دەستبەرداربوون لە هەڵە و ملکەچکردن بۆ ڕاستی، کە بنەمایەکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی هەر دیالۆگێکی ئەرێنی.

لە ئاستی بنەما باوەڕییەکانیشدا، ئەم شەش بنەمایە تەنیا ڕێکارێکی تەکنیکی نین، بەڵکو لە چوار کۆڵەکەی جیهانبینیی قورئانییەوە هاتوون: (١) کەرامەتی مرۆڤ – (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ) (الإسراء/٧٠)، بۆیە دیالۆگ لەگەڵ مرۆڤدا پێویستییەکی کەرامەتخوازانەیە؛ (٢) بانگەشەی بیرکردنەوە – (كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ) (البقرة/٢١٩)، کە ئەقڵ دەکاتە ئامرازی گەیشتن بە حەقیقەت؛ (٣) نەبوونی زۆرەملێ لە ئاییندا – (لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ) (البقرة/٢٥٦)، کە دیالۆگ لەسەر قەناعەت دادەمەزرێنێت؛ (٤) ئازادیی بژاردە – (فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ) (الكهف/٢٩)، کە مرۆڤ بە خاوەن ئیرادە دادەنێت (سلطانی رنانی، ١٣٩٠ش). خشتەی (٢) ئەم بنەمایانە لەگەڵ بەڵگە قورئانییەکانیان کۆدەکاتەوە:

**خشتەی (٢): شەش بنەماکەی دیالۆگی قورئانی و بەڵگە قورئانییەکانیان**

| ژ | بنەما | ناوەڕۆکەکەی | بەڵگە قورئانییەکەی |
|---|---|---|---|
| ١ | یەکسانیی ئاکاری | مافی قسەکردن و وەڵامدانەوە بۆ هەردوولا | دیالۆگەکانی پەیامبەران لەگەڵ دژبەراندا |
| ٢ | بەڵگەخوازی | بەڵگە پێوەری ڕاستگۆییە | (قُلْ هاتوا بُرْهانَكُمْ) (البقرة/١١١)؛ (البقرة/٢٥٨) |
| ٣ | گوێگرتن و نۆرەپارێزی | گواستنەوەی تەواوی قسەی بەرامبەر پێش وەڵام | گواستنەوەی پرسیاری فریشتەکان (البقرة/٣٠) |
| ٤ | جیاکردنەوەی دیدگا لە کەس | ڕەخنە لە بیروباوەڕ نەک لە کەسایەتی | پاکیی دەقی قورئانی لە هەڵەی Ad Hominem |
| ٥ | دڵسۆزی و ڕاستی | ئامانج گەیشتنە بە ڕاستی نەک بردنەوە | ئاراستەی گشتیی دیالۆگە قورئانییەکان |
| ٦ | کراوەیی و قبوولکردنی ڕاستی | تۆمارکردنی گۆڕان کاتێک لایەک دەگاتە ڕاستی | دانپێدانانی بەلقیس (رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي) (النمل/٤٤) |

بەهای مەنهەجیی ئەم شەش بنەمایە لەوەدایە کە دەکرێت "هەرکامیان وەک "نیشانەیەکی گوتاریی شوێنهەڵگر (Discourse Indicator) لە شیکاریی میدیاییدا بەکاربهێنرێن؛ تا لە ڕێگەیانەوە ئاستی پابەندبوونی گوتارەکان بە بنەماکانی دیالۆگی قورئانییەوە بپێورێت:

یەکسانیی ئاکاری لە ئامادەیی دەنگی جیاواز و دەرفەتی وەڵامدانەوەدا دەپێورێت؛ بەڵگەخوازی لە جۆر و چڕیی شێوازە بەڵگەییەکاندا؛ گوێگرتن لە گواستنەوەی تەواوی بۆچوونی بەرامبەر پێش وەڵامدانەوە؛ جیاکردنەوەی دیدگا لە کەس لە نەبوونی هێرشی کەسی و پلارگرتندا؛ دڵسۆزی لە ئاراستەی ڕاستیخوازانەی دیالۆگەکەدا؛ و کراوەیی لە خستنەڕووی هاوسەنگی لایەنەکان و تۆمارکردنی گۆڕانی هەڵوێستدا. بەم شێوەیە، بنەماکان لە ئاستی تیۆرییەوە دەگوازرێنەوە بۆ ئاستی پێوەری کردەیی و هەر ئەم گواستنەوەیەشە کە چوارچێوەکەی ئەم توێژینەوەیە لە باسکردنی گشتیی بنەماکان جیا دەکاتەوە.

### ٢.٤ ئادابەکانی دیالۆگ لە قورئاندا

ئادابەکان جیا لە بنەماکان، کە مەرجی بوونی دیالۆگن، قورئان کۆمەڵێک ئادابی ڕەفتاری بۆ دیالۆگ دادەنێت کە زمزمي بە فراوانی کۆیان دەکاتەوە (زمزمي، ٢٠٠١، ل١١٥–٤٧٨) و سلطانی رنانی بەم شێوەیە پۆلێنیان دەکات: حەقخوازی (ئامانج ڕاستی بێت نەک بردنەوە)؛ بەڵگەخوازی؛ ڕێککەوتن لەسەر بنەما هاوبەشەکان وەک خاڵی دەستپێک (قُلْ يا أَهْلَ الْكِتابِ تَعالَوْا إِلى كَلِمَةٍ سَواءٍ بَيْنَنا وَبَيْنَكُمْ) (آل عمران/٦٤)؛ خۆشخوویی و نەرمی لە قسەدا؛ بەرگەگرتنی بیری جیاواز؛ و فرەشێوازی بەپێی دۆخی بەرامبەر (سلطانی رنانی، ١٣٩٠ش). نەرمیی قسە لەگەڵ توندترین دژبەردا ئەو دیالۆگەی پێشتر ئاماژەی پێدرا لەنێوان موسا و هارون لەلایەك) و فیرعەون لەلاکەی تر) (طه/٤٤)، کە موفەسسیران دەیکەنە بنەمای گشتیی بانگەواز (ابن كثير، ١٤١٩هـ، ج٥، ل٢٩٤). ئەگەر نەرمی لەگەڵ فیرعەوندا داوا بکرێت، ئەوا لەگەڵ وەرگری ئاساییدا زەرووریترە ئەمە پێوەرێکە کە لە بەشی سێیەمدا گوتاری بەرنامەکانی پێ هەڵدەسەنگێنرێت. لەم سیستەمە ئادابییەدا، ئادابی کەلیمەی سەواء» جێگەیەکی تایبەتی هەیە: ئایەتی (تَعالَوْا إِلى» كَلِمَةٍ سَواءٍ بَيْنَنا وَبَيْنَكُمْ) (آل عمران/٦٤) پرۆتۆکۆلێکی تەواوی دەستپێکردنی دیالۆگ دادەنێت بانگکردن بۆ خاڵە هاوبەشەکان پێش چوونە ناو خاڵە جیاوازەکان. ئەم ئادابە لە زانستی پەیوەندیی هاوچەرخیشدا هەمان پێگەی هەیە: دامەزراندنی زەمینەی هاوبەش (Common Ground) وەک مەرجی سەرکەوتنی هەر گفتوگۆیەکی نێوان لایەنە جیاوازەکان. بەم پێیە، ئادابە قورئانییەکان تەنیا ڕێسای ڕەوشتی نین، بەڵکوو ستراتیژی پەیوەندیی کاریگەریشن و هەر ئەمەشە وایان لێدەکات پێوەری گونجاو بن بۆ هەڵسەنگاندنی گوتاری میدیایی.

### ٢.٥ ئەرکەکانی دیالۆگی قورئانی

دیالۆگ لە قورئانی پیرۆزدا چوار ئەرکی سەرەکی هەیە:

یەکەم، ئەرکی بانگەوازی و ڕاگەیاندن: دیالۆگ ئامرازی سەرەکیی گەیاندنی پەیامەکەیە بەپێی (النحل/١٢٥)، و بانگەواز خۆی کارێکی ڕاگەیاندنە و ڕاگەیاندنی ئایینیش کارێکی بانگخوازیە (قالتي و هواري، ٢٠١٨، ل٢٩٥–٢٩٦)

ئایەتی ناوبراو دیالۆگ دەکاتە چەقی بانگەواز و بێ دیالۆگێکی پەیامدارانە کاری بانگخوازی ناکرێت، نموونەی بەرجەستەی ئەم ئەرکە، دیالۆگی پێغەمبەرە (درودی خوای لێبێت) لەگەڵ گەلەکەیدا بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، کە چۆن بە دانایی و ڕێنوێنیی دەست پێ دەکات و پاشان بە دیالۆگێکی ئارام بانگەوازییەکەی تەواو دەکات.

دووەم، ئەرکی پەروەردەیی: زۆربەی دیالۆگەکانی پەیامبەران لە قورئاندا ئەرکێکی پەروەردەییان هەیە؛ توێژینەوە نوێیەکانی دەقناسی ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم دیالۆگانە بەم تایبەتمەندییانە جیا دەکرێنەوە: ڕێکوپێکی لە خستنەڕووی بابەتەکان، پلەبەندی لە دارشتنی بیرۆکەکان، بەکارهێنانی زمانی نەرم، و پەیڕەوکردنی عەقڵانییەت. ئەم دیالۆگانە لە ناوەڕۆکیشدا بەردەوام لەسەر بەها بنەڕەتییەکانی وەک «تەوحید» و «دادپەروەری» چڕ دەبنەوە (مرسي و هاوکاران، ٢٠٢٥، ل٥١–٧٨). زنجیرەی دیالۆگی لوقمان لەگەڵ کوڕەکەیدا نموونە بەرجەستەکەی ئەم ئەرکەیە: (لقمان/١٣–١٩) کە بە (يا بُنَيَّ لا تُشْرِكْ بِاللَّهِ) دەستپێدەکات لە قاڵبی گفتوگۆیەکی باوکانەی نەرمدا و مەزنترین بابەتەکانی (تەوحید، سوپاسگوزاری، نوێژ، ڕەوشتی کۆمەڵایەتی) پێشکەش دەکات، و موفەسسیران ئەم دیالۆگە دەکەنە مۆدێلی پەروەردەی خێزانی (الزحيلي، ١٤١٨ھ، ج٢١، ل١٤١ و دواتر).

سێیەم، ئەرکی عەقڵیی بەڵگەیی: جەدەلی قورئانی ئەرکی ڕووخاندنی گومانەکان و چەسپاندنی حەقیقەتەکانی هەیە، لە ڕێگەی بەڵگەی هەستپێکراو و لۆژیکی عەقڵییەوە؛ بەمەش دیالۆگ لە ئاستی سۆزدارییەوە بۆ ئاستی بەڵگەی بڕواپێهێنەر بەرز دەبێتەوە (القعتان، ٢٠١٥، ل٤٧٢–٤٨٣). نموونەی باڵای ئەم ئەرکە دیالۆگی ئیبراهیم (س)ە لەگەڵ نەمرود (البقرة/٢٥٨)، کە لە بەندی (٢.٣)دا شی کرایەوە.

چوارەم، ئەرکی فرەدەنگیی کۆمەڵایەتی: دیالۆگی قورئانی دەنگە جیاوازەکان بە بێ شێواندن دەگوازێتەوە، ئەمەش بناغەی کولتووریی «گوێگرتن» و «هەڵبژاردنی ئازادانە» دادەمەزرێنێت؛ وەک ئەوەی لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە: (فَبَشِّرْ عِبادِ الَّذِينَ يَسْتَمِعونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعونَ أَحْسَنَهُ) (الزمر/١٧-١٨) کە تێیدا ڕێز لە فرەیی دەنگ و مافی هەڵبژاردن دەگیرێت (پیرۆز، ١٣٩١ش، ل٤٥–٥٦). ئەگەر پرسیار بکرێت چۆن؟ دەکرێت بەم شێوەیە وەڵام بدرێتەوە؛ بەپێی ئایەتەکە دەردەکەوێت کە دوو ڕەهەندی سەرەکی ئامادەبوونیان هەیە:

١. (يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ): واتە گوێگرتن لە قسە: لێرەدا وشەی «القَوْلَ» لە ئایەتەکەدا بە شێوەیەکی گشتی هاتووە، نەک تەنها بۆ» قسەی ئیمانداران. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی بەندە هەڵبژێردراوەکانی خودا ئەوانەن کە گوێ لە هەموو دەنگ و بۆچوونە جیاوازەکان دەگرن، بەبێ ئەوەی لێیان بترسن یان لێیان قەدەغە بکرێت. ئەمەش بنەمای «فرەدەنگی»یە؛ چونکە پرۆسەی گوێگرتن لە «قسە» بە مانای گشتی، پێویستی بە بوونی دەنگی جیاواز هەیە.

٢. (فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ): پاشان باشترینیان هەڵدەبژێرن: ئەم بەشەی ئایەتەکە مافی «هەڵبژاردن» بە مرۆڤ دەبەخشێت. واتە هیچ بڕیارێکی سەپێنراو لە ئارادا نییە، بەڵکو پرۆسەکە بریتییە لە: بیستنی دەنگ و بۆچوونی لایەنە جیاوازەکان + هەڵسەنگاندنی ئەقڵانی + هەڵبژاردنی باشترین). ئەمە ئەو فرە دەنگییەیە کە قورئان دەیخوازێت؛ نەک هەر قبووڵکردنی دەنگی بەرامبەر، بەڵکو ڕێزگرتن لەو عەقڵەی کە دەتوانێت لە نێوان دەنگە جیاوازەکاندا، باشترینیان دەستنیشان بکات و هەڵبژێرێت.

ئەم چوار ئەرکە پێکەوە دەریدەخەن کە دیالۆگ لە قورئاندا ئامرازێکی فرەئەرکە: هاوکات پەیام دەگەیەنێت، پەروەردە دەکات، بەڵگە دەخاتەڕوو، و دەنگە جیاوازەکان ڕێک دەخات و هەر بەرنامەیەکی بانگەوازیش، بەپێی قاڵبەکەی، بەشێک لەم ئەرکانە زیاتر چالاک دەکات.

## ٢.٦ ئاستەنگ و نەخۆشییەکانی دیالۆگ لە ڕوانگەی قورئانەوە

قورئان هەروەک بنەما و ئادابەکانی دیالۆگ دەخاتەڕوو، ئاستەنگ و نەخۆشییەکانیشی دەستنیشان دەکات، چونکە ئەوانە ئەو نەخۆشییانەن کە دیالۆگ لە ناوەڕۆک بەتاڵ دەکەنەوە. لە پۆلێنە جێگیرەکەدا حەوت ئاستەنگ دەناسرێنەوە (سلطانی رنانی، ١٣٩٠ش): گومان و بێبەڵگەیی (إِنَّ الظَّنَّ لا يُغْني مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا) (يونس/٣٦)؛ نەزانی و قسەکردن بەبێ زانست (فَلِمَ تُحاجّونَ فيما لَيْسَ لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ) (آل عمران/٦٦)؛ شوێنکەوتنی کوێرانە (إِنّا وَجَدْنا آباءَنا عَلى أُمَّةٍ) (الزخرف/٢٢)؛ پەلەکردن لە حوکمدا؛ ئارەزوو پەرستی؛ پشتبەستن بە بەتاڵ (وَيُجادِلُ الَّذينَ كَفَروا بِالْباطِلِ لِيُدْحِضوا بِهِ الْحَقَّ) (الكهف/٥٦)؛ و خۆستایشکردن و لوتبەرزی. ئەم پۆلێنە بەهایەکی پێوەریی هەیە: هەر ئاستەنگێک پێچەوانەی بنەمایەکە گومان و نەزانی پێچەوانەی بەڵگەخوازین، پشتبەستن بە بەتاڵ پێچەوانەی بنەمای بەڵگەیە، و خۆستایش پێچەوانەی جیاکردنەوەی دیدگا لە کەسە بۆیە لە شیکاریی ناوەڕۆکدا دەکرێن وەک نیشانەی نزمبوونەوەی کوالیتیی دیالۆگ بخوێنرێنەوە. خشتەی (٣) ئاستەنگەکان و بنەما پێچەوانەکانیان لەگەڵ بەڵگەدا دەخاتە ڕوو:

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12581]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [4/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

## خشتەی (٣): حەوت ئاستەنگەکەی دیالۆگ لە ڕوانگەی قورئانەوە و بنەما پێچەوانەکانیان

| ژ | ئاستەنگ | دەرکەوتە قورئانییەکەی | بنەما پێچەوانەکەی |
|---|---|---|---|
| ١ | گومان و بێبەڵگەیی | وَمَا يَتَّبِعُ أَكْثَرُهُمْ إِلَّا ظَنًّا ۚ إِنَّ الظَّنَّ لَا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا) (یونس/٣٦) | بەڵگەخوازی |
| ٢ | نەزانی و بەبێ زانست قسەکردن | هَا أَنتُمْ هَٰؤُلَاءِ حَاجَجْتُمْ فِيمَا لَكُم بِهِ عِلْمٌ) فَلِمَ تُحَاجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُم بِهِ عِلْمٌ) (آل عمران/٦٦) | بەڵگەخوازی و دڵسۆزی |
| ٣ | شوێنکەوتنی کوێرانە | قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا) أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ) (البقرة/١٧٠) (إِنّا وَجَدْنا آباءَنا عَلى أُمَّةٍ) (الزخرف/٢٢) | ئازادبیری و بیرکردنەوە |
| ٤ | پەلەکردن لە حوکمدا | وَيَدْعُ الْإِنسَانُ بِالشَّرِّ دُعَاءَهُ بِالْخَيْرِ) وَكَانَ الْإِنسَانُ عَجُولًا) (الإسراء / ١١) | گوێگرتن و نۆرەپارێزی |
| ٥ | ئارەزووپەرستی | فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ فَاعْلَمْ أَنَّمَا) يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءَهُمْ ۚ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ (اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ اللَّهِ (القصص/٥٠) | دڵسۆزی و ڕاستی |
| ٦ | پشتبەستن بە بەتاڵ | (وَيُجادِلُ الَّذينَ كَفَروا بِالْباطِلِ) (الكهف/٥٦) | بەڵگەخوازی |
| ٧ | خۆستایشکردن و لوتبەرزی | وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي) الْأَرْضِ مَرَحًا ۖ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ) (لقمان / ١٨) (فَلَا تُزَكُّوا أَنفُسَكُمْ ۖ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَىٰ) (النجم/32) | جیاکردنەوەی دیدگا لە کەس |

وردبوونەوە لەم حەوت ئاستەنگە دەریدەخات کە هەریەکەیان ئاستێکی جیاوازی دیالۆگ تێکدەدات: گومان و نەزانی بناغەی زانیارییەکەی تێکدەدەن و لە پۆلێنەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە ئەم گرایسنن لە تیۆری (Quality) دووانە پێچەوانەی بنەمای کوالێتی دیالۆگدا، واتە مەرجی ئەوەی قسەکەر تەنیا ئەوە بڵێت کە بەڵگەی لەسەری هەیە؛ باوی کوێرانە و ئارەزووپەرستی ئازادیی عەقڵی لایەنەکان تێکدەدەن؛ پەلەکردن ڕەوتی گوێگرتن و هەڵسەنگاندن دەبڕێت؛ پشتبەستن بە بەتاڵ ناوەڕۆکی بەڵگەیی پووچ دەکاتەوە؛ و خۆستایشکردن و لوتبەرزی پەیوەندییە مرۆییەکەی نێوان دوو لایەنەکە تێکدەشکێنێت. بەم شێوەیە، ئاستەنگەکان نەخشەیەکی تەواوی «شکستی دیالۆگ»ن و هەر بۆیەشە نەبوونیان لە گوتارێکدا، وەک لە بەشی سێیەمدا دەبینین، بەڵگەیەکی بەهێزی تەندروستیی ئەو گوتارەیە.

### ٢.٧: ڕێوڕەسمی دیبەیتی قورئانی (المناظرة) تایبەتمەندییەکانی پەیوەندییەکی سەرکەوتوو

پێش دەستپێکردن، پێویستە جیاوازیی نێوان دوو زاراوەکە ڕوون بکرێتەوە: (الجدل) لە زانستە قورئانییەکاندا ناوی ئەو بەشەیە کە باس لە دیاردەی مشتومڕ و بەڵگەهێنانەوە لە قورئاندا دەکات، بەڵام (المناظرة/دیبەیت) ناوی ئەو ڕێوڕەسم و ڕێسا کردەییانەیە کە ئەم مشتومڕە پێی بەڕێوە دەچێت. لەم توێژینەوەیەدا، دەروازەکە (الجدل)ە وەک ئەو بابەتەی زانایان تاوتوێیان کردووە، بەڵام ئەوەی وەک پێوەر دەردەهێنرێت (ڕێوڕەسمی دیبەیت)ە، واتە ئەو تایبەتمەندییە کردەییانەی دەکرێت بەسەر گوتاری میدیاییدا پیادە بکرێن.

زانایانی زانستە قورئانیەکان، بابەتی (الجدل) (مشتومڕ لە «قورئاندا)یان کردووە بە بەشێکی سەربەخۆ لەم زانستە. «قەتتان (الجدل) بە «وتووێژ و دانوستان بە مەبەستی دەمەقاڵێ و بۆڕدانی بەرامبەر» پێناسە دەکات؛ ڕیشەی وشەکەش بۆ دەستەواژەی (جَدَلْتُ الحَبْلَ) واتە «پەتەکەم بادا و توندوتۆڵم کرد» دەگەڕێنێتەوە، ڕێک وەک ئەوەی هەر یەک لە جەمسەرە دژبەرەکان هەوڵ بدەن پەتیی بەڵگەکانی ئەویتر خاو بکەنەوە و بەرپەرچی بدەنەوە (القەتتان، ٢٠١٥: ل٤٧٣). قورئانی پیرۆز (الجدل) بە دوو شێوە دەناسێنێت: یەکەم: بەشێکی سروشتیی مرۆڤ (وَكانَ الْإِنْسانُ أَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلًا) (الكهف/٥٤)، و دووەم: ئەرکێکی بانگەوازیی قەیدکراو بە چاکی و ڕێك پێکی (وَجادِلْهُم بِالَّتي هِيَ أَحْسَنُ) (النحل/١٢٥) بەرامبەر بە (الجدل) ی بەتاڵی بێبڕوایان (وَيُجَادِلُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِالْبَاطِلِ لِيُدْحِضُوا بِهِ الْحَقَّ) (الكهف/٥٦). لە ڕێوڕەسمی دیبەیتە (المناظرة) قورئانییەکەشدا القەتتان چەند تایبەتمەندییەک تۆمار دەکات کە لە ڕوانگەی ئەم توێژینەوەیەوە ئەوانە تایبەتمەندیی پەیوەندییەکی سەرکەوتوون: زمانێکی ڕوون و بێ گرێوگۆڵ کە خوێندەوار و نەخوێندەوار لێی تێدەگەن؛ بەکارنەهێنانی ڕێبازی موتەکەللیمین و بەڵگە زاراوەییە ئاڵۆزەکانیان وەك: (القياس الشمولي و قياس التمثيل) کە لە زانستی لۆژیک و زانستی کەلامدا بەکوردی دەبێتە: (پێوەری گشتگیر و پێوەری لێکچواندن) چونکە گوتارەکە ئاراستەی هەمووانە؛ و پشتبەستن بە بەڵگەی هەستپێکراوی بەرچاو کاریگەرتر و خێراترە لە بەڵگەی وردی فەلسەفی لەوانە هێنانەوەی ئایەتە گەردوونییەکان (البقرة/٢١–٢٢، ١٦٣–١٦٤) و بەڵگەی مەحاڵبوون (برهان التمانع) لە (لَوْ كانَ فيهِما آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتا) (الأنبياء/٢٢) (القەتتان، ٢٠١٥، ل٤٧٤–٤٨٣).

ئەم تایبەتمەندییانە ڕوونی زمان، بەڵگەی لەبارگرتوو بۆ ئاستی وەرگر، و بەڵگەی هەستپێکراو هەمان ئەو پێوەرانەن کە زانستی ڕاگەیاندنی هاوچەرخ بۆ پەیامی سەرکەوتوو دایدەنێت؛ هەر لەبەر ئەوەشە کە توێژینەوە میدیاییەکان بەشی سەربەخۆ بۆ (دیالۆگ لە قورئانی پیرۆز و شێوازەکانی) «الحوار في القرآن الكريم وأساليبه» تەرخان دەکەن وەک ڕەگوڕیشەی ژانری دیالۆگی میدیایی (الكناني، ٢٠٠٥، ل٥٢–٦٤). بەم شێوەیە، چوارچێوە پێوەرییەکەی ئەم توێژینەوەیە شەش بنەما، سیستەمی ئاداب، چوار ئەرک، حەوت ئاستەنگ، و تایبەتمەندییەکانی دیبەیت تەواو دەبێت و ئامادەیە بۆ خوێندنەوەی گوتاری بەرنامەکان.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هێنانەوەی ئایەتە گەردوونییەکان لە دیبەیتی قورئانیدا دوو ئەرکی هاوکات دەبینێت: لە لایەکەوە بەڵگەیەکی هەستپێکراوە کە هەموو وەرگرێک خوێندەوار و نەخوێندەوار، بە هەستەکانی خۆی دەیبینێت (ئاسمان، باران ڕووەک، ڕۆژ و شەو لە البقرة/٢١–٢٢ و ١٦٣–١٦٤دا)، و لە لایەکی ترەوە بانگهێشتێکە بۆ بیرکردنەوە و وردبوونەوە کە خودی وەرگر دەکاتە بەشدارێکی چالاکی گەیشتنە بە ئەنجامەکە. ئەم دووانە بەڵگەی بەرچاو لەگەڵ چالاککردنی عەقڵی وەرگر ڕێک ئەو فۆرمەیە کە ڕاگەیاندنی هاوچەرخ بە «بەشداری پێکردنی وەرگر» (Audience Engagement) ناوی دەبات.

بەم پێیە، تایبەتمەندییەکانی پەیوەندییەکی سەرکەوتوو ــ کە لەسەر بنەمای ڕێوڕەسمی دیبەیتی قورئانی بەپێی بۆچوونی القەتتان دەرهێنراون و لەگەڵ پێوەرەکانی زانستی ڕاگەیاندنی هاوچەرخدا یەکدەگرنەوە ــ لەم پێنج خاڵەدا کۆدەبنەوە: (١) ڕوونیی زمان بۆ تێگەیشتنی هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە؛ (٢) دوورکەوتنەوە لە زاراوەسازیی ئاڵۆزی زانستی کەلام و لۆژیک، چونکە گوتارەکە ئاراستەی گشت خەڵکە؛ (٣) پشتبەستن بە بەڵگەی هەستپێکراوی بەرچاو (ئایەتە گەردوونییەکان: ئاسمان، باران، ڕووەک، شەو و ڕۆژ)، کە کاریگەرییەکەی خێراتر و قووڵترە لە بەڵگە وردە فەلسەفییەکان؛ (٤) لەبارگرتنی بەڵگە بۆ ئاستی وەرگر، بەبێ سووکایەتی بە عەقڵی و بەبێ تێپەڕاندنی توانای تێگەیشتنی («لکل مقام مقال»)؛ (٥) بەشدارپێکردنی وەرگر، بەوەی لە سەیرکەرێکی بێدەنگەوە بکرێتە بەشدارێکی چالاکی بیرکردنەوە. ئەمانە ڕێک ئەو پێوەرانەن کە میدیای هاوچەرخ بۆ سەرکەوتنی هەر پەیامێک دایاندەنێت.

## تەوەری سێیەم: خوێندنەوەی چۆنایەتیی گوتاری سێ بەرنامەکە

### ٣.١ سێ قاڵبی دیالۆگی لە بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردیدا

خوێندنەوەی گوتاری (٥٢) ئەڵقەی هەر سێ بەرنامەکە سێ قاڵبی تەواو جیاوازی دیالۆگ دەردەخەن:

قاڵبی یەکەم، دیالۆگی دیبەیتی فرەدەنگە لە بەرنامەی «دیالۆگ»دا: بەرنامەکە لەسەر بەرەنگاربوونەوەی چەند بۆچوونی جیاواز بنیاد نراوە، و بۆچوونی دژ بە ئاشکرا لە گوتارەکەدا ئامادەیە. پێشکەشکار پرسیاری ڕەخنەگرانە ئاراستەی میوان دەکات، وەک: «دادگاکان چەندە سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان دەکەن؟ ئایا یاسای ژمارە ٣٥ی ڕۆژنامەگەری پەیڕەو دەکرێت یان پەنا بۆ یاساکانی تر دەبرێت؟» ئەم شێوازە دەریدەخات کە گوتارەکە داوای بەڵگە دەکات نەک سەپاندنی ڕا. سەرچاوەکانی بەڵگەش لە بنەڕەتدا ئەکادیمی و مێژوویین، و تەوەری گوتارەکە بیرۆکەیە نەک کەسایەتی.

نموونەی گوتاری (ناوەڕۆکی بانگەوازی لە قاڵبی دیبەیتیدا): د. فاتیح (ئەڵقەی ١٥): «خوای گەورە ئەفەرمێ (إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ)... ئەسڵی دین بۆ قیستە، بۆ چاکەخوازییە، بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤەکانە، چ لە دونیا و چ لە ئاخیرەت.»

ئەم نموونەیە دەریدەخات کە قاڵبی دیبەیتی، سەرەڕای ئەوەی هەندێک جار بابەتی گشتیی کۆمەڵایەتی هەڵدەبژێرێت، بەڵگە و پێوەرەکانی لە دەقی قورئانییەوە وەردەگرێت؛ واتە پرسە گشتییەکە لە چوارچێوەی ڕوانگەی ئایینیدا دەخوێنرێتەوە، نەک بە دوور لێی.

نموونەی گوتاری (فرەدەنگیی نێو ئایینی): د. عیسامەدین (ئەڵقەی ١٥): «ئەو سەردانانە لە پێشتریش هەبوون؛ وەفدی نەجران هاتووەتە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، وەفدی مەسیحییەکان سەردانی موسڵمانان و موسڵمانانیش سەردانی یەکتریان کردووە. ئەو پێکەوەژیانە هەبووە.»

لێرەدا بەرنامەکە دەنگی ئایینێکی تر لە پێکهاتەی گوتارەکەدا جێگیر دەکات و پێشینەی دیالۆگی نێو ئایینی لە سیرەتەوە دەردەهێنێت؛ ئەمە بەرجەستەکردنێکی ڕاستەوخۆی بنەمای «کەلیمەی سەواء»ە کە لە بەندی (٢.٤)دا خرایەڕوو.

قاڵبی دووەم، دیالۆگی گێڕانەوەیی ستوونییە لە بەرنامەی «ئەزموونەکان»دا: گوتارەکە لە پێشکەشکار و شایەتحاڵەوە بەرەو وەرگر دەڕوات و دەنگی دژ لە پێکهاتەکەیدا ئامادە نییە. شایەتحاڵیی تاکی کۆڵەکەی سەرەکیی بەڵگەیە، وەک لە گێڕانەوەی مەلا موختاردا: «بردمی بۆ شوێنێک و گۆڕستانێک گۆڕستانەکە گردێک بوو...»؛ هاوکات هاندان و ئاگادارکردنەوە بە هاوسەنگی دەخرێنەڕوو، وەک وتەی دکتۆر ئەرسەلان: «شەیتان لە مەعصیەتەوە بۆت دێنە ژوورەوە، لە طاعەتەوە قەت ناتوانێت.»

قاڵبی سێیەم، دیالۆگی ڕاوێژکاریی فێرکارییە لە «پۆدکاستی نما»دا: گوتارەکە ئاراستەی گەنجان کراوە و لە قاڵبی ئامۆژگاریی نەرمدا پێشکەش دەکرێت، وەک وتەی م. فەیسەڵ: «گەنج وزەیەکە کە وەستانی نییە، دەبێت ئاراستەی بکەیت»، و «قورئان: کتێبێک کە قسەکانی دۆستی تێدایە». سەرچاوەکانیش هاوسەنگن لە نێوان ئەزموونی کەسی، دەقی قورئانی و ڕای زانایاندا. خشتەی (٤) سێ قاڵبەکان بەراورد دەکات، و خشتەی (٥) نموونەی گوتاریی هەر قاڵبێکیان دەخاتەڕوو:

**خشتەی (٤): سێ قاڵبە دیالۆگییەکەی بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی**

| بەرنامە | قاڵبی دیالۆگ | ئامادەیی دەنگی جیاواز | سەرچاوەی سەرەکیی بەڵگە | تەوەری گوتار |
|---|---|---|---|---|
| دیالۆگ | دیبەیتی فرەدەنگ | ئامادە (ڕای دژ بە ئاشکرا) | مێژوو و ڕای زانایان | بیرۆکە |
| ئەزموونەکان | گێڕانەوەیی ستوونی | ئامادە نییە | شایەتحاڵیی تاکی و سوننەت | بیرۆکە |
| نما | ڕاوێژکاریی فێرکاری | ئامادە نییە | ئەزموونی کەسی، قورئان، زانایان | بیرۆکە |

**خشتەی (٥): نموونەی گوتاریی هەر قاڵبێک لە ناوەڕۆکی بەرنامەکاندا**

| قاڵبی گوتار | نموونەی گوتاری لە ناوەڕۆکی بەرنامەکاندا |
|---|---|
| دیبەیتی فرەدەنگ «دیالۆگ» | «ئەم دوو چەمکە دەبێت لە یەک جیا بکرێنەوە: ناوزڕاندن لەگەڵ ڕەخنەگرتن...» دژایەتیی بیرۆکە بە شێوازی ئەکادیمی. |
| گێڕانەوەی ستوونی «ئەزموونەکان» | «شەیتان لە ڕێی گوناهەوە بۆت دێتە ژوورەوە، لە ڕێی گوێڕایەڵییەوە قەت ناتوانێت.» گێڕانەوەی پەندئامێزی ڕۆحی. |
| ڕاوێژکاریی فێرکاری «نما» | «گەنج وزەیەکە کە وەستانی نییە، دەبێت ئاراستەی بکەیت.» ئامۆژگاریی نەرم ڕووەو گەنجان. |

شرۆڤەی خشتەی (٤): پێویستە ڕوون بکرێتەوە کە قاڵبی هەر بەرنامەیەک بە چ میکانیزمێک دیاری کراوە. پێوانەکردنەکە


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12581]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [4/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

ژمارەیی نییە، بەڵکو لەسەر چوار نیشانەی گوتاریی دیاریکراو دامەزراوە کە هەریەکەیان لە دەقی ئەڵقەکاندا بە بوون یان نەبوون تۆمار کراون: (١) ئامادەیی یان نەبوونی ڕای دژ لە پێکهاتەی ئەڵقەکەدا؛ (٢) ئاراستەی ڕەوتی قسە (دووئاراستە لە نێوان پێشکەشکار و میواندا، یان یەکئاراستە لە پێشکەشکار و شایەتحاڵەوە بەرەو وەرگر)؛ (٣) سەرچاوەی سەرەکیی بەڵگە (ئەکادیمی-مێژوویی، شایەتحاڵیی تاکی، یان تێکەڵەی ئەزموون و دەقی شەرعی)؛ (٤) تەوەری گوتارەکە (بیرۆکە یان کەسایەتی). دواتر هەر بەرنامەیەک بەپێی ئەو کۆمەڵە نیشانانەی لە زۆرینەی ئەڵقەکانیدا دووپات بوونەتەوە، لە یەکێک لە سێ قاڵبەکەدا دانراوە. بەم شێوەیە، خانەکانی خشتەی (٤) هەریەکەیان بەڵگەیەکی گوتاریی دیاریکراوی لە پشتەوەیە، نەک حوکمێکی گشتیی وەسفی.

هەر قاڵبێک خاوەنی وێنەیەکی گوتاریی سەربەخۆیە. لە قاڵبی دیبەیتیدا، بونیادی سەرچاوەیی ئەکادیمی-مێژوویی گوتارێکی بەڵگە-بنیاد بەرهەم دەهێنێت و بۆچوونی دژ دەکرێتە کەرەستەی گەشەپێدانی دیالۆگەکە نەک هەڕەشە؛ تەنانەت لە شوێنی توندیدا توندییەکە ئاراستەی بیرۆکەیە نەک کەسایەتی، وەک ئەو نموونەیەی میوانێک دۆخی مێژوویی بەراورد دەکات: «کێشەی ئێمە لەگەڵ تورکیا بەتەنیا لەگەڵ حکومڕانان نەبووە... بەڵام کێشەکە لەگەڵ حکومەت بوو، نەک لەگەڵ گەلی تورکیا».

لە قاڵبی گێڕانەوەییدا، «ئەزموونەکان» مۆدێلێکی ژیاننامەیی ئایینی پێشکەش دەکات کە شایەتحاڵیی تاکی و سوننەت پێکەوە دەبەستێتەوە؛ واتە پشتی بە بنەمای ئایینی بەستووە نەک تەنها بە سۆز. لە قاڵبی ڕاوێژکاریدا، «نما» هاوسەنگییەکی سەرچاوەیی لە نێوان ئەزموونی کەسی و دەقی قورئانی و ڕای زانایاندا دەپارێزێت و ئەمەش نزیکترین قاڵبی ژیانی ڕۆژانەی لێ دروست کردووە.

شیکردنەوەی ئەم سێ قاڵبە لەبەر ڕۆشنایی ڕێوڕەسمی دیبەیتی قورئانیدا (بەندی ٢.٧) پەیوەندییەکی قووڵ دەردەخات. تایبەتمەندیی یەکەم ــ ڕوونیی زمان بۆ گشت ئاستەکان ــ لە هەر سێ بەرنامەکەدا بەرجەستەیە: هیچیان زاراوەسازیی ئاڵۆزی موتەکەللیمین بەکارناهێنن و گوتارەکانیان بە کوردییەکی سادە و نزیک لە جیهانبینیی وەرگر داڕێژراوە.

تایبەتمەندیی دووەم ــ پشتبەستن بە بەڵگەی هەستپێکراو ــ لە هەر قاڵبێکدا بە شێوازێکی جیاواز ڕەنگی داوەتەوە: «دیالۆگ» بەڵگەی مێژوویی دەخاتەڕوو، «نما» بەڵگەی بەراوردکاریی کۆمەڵایەتی («لە پێش ئیسلامدا ئافرەت هەر حیسابی بۆ نەدەکرا بەڵام دوای ئەوە حیسابی بۆ کرا...»)، و «ئەزموونەکان» شایەتحاڵیی تاکی دەکاتە کۆڵەکەی گوتارەکەی. ئەم شایەتحاڵییە دەکرێت وەک هەوڵێکی هاوچەرخ بۆ گەیاندنی بەڵگە بە فۆرمی سەیر بکرێت ــ بەبێ ئەوەی لە (Audio-Visual) بینراو-بیستراو ڕووی گشتگیریی بەڵگەییەوە هاوتای ئایەتە گەردوونییەکان دابنرێت (بڕوانە بەندی ٣.٥).

### ٣.٢ پابەندبوون بە ئادابەکان: ناوکە هاوبەشەکە

سەرەڕای جیاوازیی قووڵی نێوان قاڵبەکان، دەرەنجامەکانی شیکارییەکە ئەوە دەردەخەن کە هەر سێ بەرنامەکە لەسەر ناوکێکی ئادابیی هاوبەش کۆدەبنەوە، کە ڕاستەوخۆ لە ئادابە دیالۆگییەکانی قورئانی پیرۆزەوە سەرچاوەی گرتووە:

**یەکەم، نەرمیی گوتار:** لە هیچ یەکێک لە ئەڵقە شیکراوەکاندا نموونەی گاڵتەپێکردن یان سووکایەتیکردن بە بەرامبەر نەدۆزرایەوە؛ ئەمە دیاردەیەکی هاوبەشی هەر سێ بەرنامەکەیە. لە شوێنی جیاوازیی ڕادا، گوتارەکە جیاوازی لە نێوان ڕەخنە و ناوزڕاندندا دادەنێت، وەک وتەی مامۆستا عەبدولکەریم لە «دیالۆگ»دا: «ئەم دوو چەمکە دەبێت لە یەک جیا بکرێنەوە: چەمکی ناوزڕاندن لەگەڵ چەمکی ڕەخنەگرتن؛ دوو چەمکی جیاوازن، ناکرێت تێکەڵ بکرێن.» لە «نما»شدا گوتارەکە بە ئامۆژگاریی نەرم پێشکەش دەکرێت نەک بە سەرزەنشت، وەک: «گەنج گەنجینەیە. بە مانای کەلیمە گەنجینەیە».

> نموونەی گوتاری (نەرمی و دژایەتیکردنی بیرۆکە نەک کەس): مامۆستا عەبدولکەریم (بەرنامەی «دیالۆگ»): «ئەم دوو چەمکە دەبێت لە یەک جیا بکرێنەوە: چەمکی ناوزڕاندن لەگەڵ چەمکی ڕەخنەگرتن؛ دوو چەمکی جیاوازن، ناکرێت تێکەڵ بکرێن».

ئەم گوتەیە بەرجەستەکردنی ڕاستەوخۆی ئادابی «جیاکردنەوەی دیدگا لە کەس»ە؛ پێشکەشکار ڕەخنە بە بابەتەکە دەگرێت و لە هێرشی کەسی دووردەکەوێتەوە.

نموونەی گوتاری (نەرمیی ئامۆژگاری لە جیاتی سەرزەنشت): م فەیسەڵ (پۆدکاستی «نما»، ئەڵقەی ٢): «ئامۆژگاریی من بۆ گەنجان ئەوەیە: ئەگەر هاوڕێیەکتان هەیە بەردەوام وزەی نەرێنی دەبەخشێت، با سری بکەن. تۆ ناتوانیت خەڵک ئیسلاح بکەیت؛ تاکە شتێک کە دەسەڵاتمان بەسەریدا هەیە، تەنها خۆمانین».

گوتارەکە لە بری داوەریکردنی خەڵك، ئاراستەی وەرگر دەگۆڕێت بۆ خۆڕێکخستن؛ ئەمە هەمان لۆژیکی «الموعظة الحسنة»یە کە سووکایەتی بە کەس ناکات و بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی وەرگر.

نموونەی گوتاری (نەرمی لە قاڵبی گێڕانەوەییدا): وەستای گۆپتەپە (بەرنامەی «ئەزموونەکان»، ئەڵقەی ٥): «تخوا بڕۆ ئەم قسەی من بە خەڵک بڵێ: تخوا پابەند بن بە دینەوە، تخوا واز لە زوڵم بێنن، تخوا واز لە پەیداکردنی حەرام بێنن».

تەنانەت لە توندترین دۆخی ئاگادارکردنەوەشدا، گوتارەکە لە فۆرمی پاڕانەوە و داواکاریدا دەمێنێتەوە («تخوا»)، نەک لە فۆرمی فەرمان و هەڕەشەدا؛ ئەمە بەرجەستەکردنی ئادابی (قَوْلًا لَّيِّنًا)ە لە ئاستی زمانی ڕۆژانەدا.

**دووەم، ڕێزگرتن لە لایەنی بەرامبەر** و جیاکردنەوەی دیدگا لە کەسایەتی: بەرنامەی «دیالۆگ» خاوەنی چوار تایبەتمەندیی پراکتیکییە کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ئەم بنەمایەن:

نموونەی گوتاری (دژایەتیکردنی بیرۆکە بە بەڵگەی بەراوردکاری): میوانی «دیالۆگ»: «کێشەی ئێمە لەگەڵ تورکیا بەتەنیا لەگەڵ حکومڕانان نەبووە، بەڵکو لەگەڵ دەوڵەتیش بووە؛ بەڵام کێشەکە لەگەڵ حکومەت بوو، نەک لەگەڵ گەلی تورکیا». گوتارەکە بۆچوونەکە بە بەڵگەی مێژوویی-بەراوردکاری دەخاتەڕوو، بێ ئەوەی پەلاماری کەسایەتی یان نەتەوەیەک بدات؛ ئەمە هەمان شێوازی بەڵگەخوازیی قورئانییە.

١. پەیڕەوکردنی شێوازێکی نەرم لەگەڵ میوانەکاندا تەنانەت لە کاتی خستنەڕووی بۆچوونی ناڕاستیشدا.

٢. ئاراستەکردنی پرسیاری ڕەخنەگرانە بە شێوازێکی ئەکادیمیی ڕێزدارانە.

٣. ئەنجامدانی بەراوردکاریی هاوسەنگ بۆ خستنەڕووی ڕوانگە جیاوازەکان.

٤. ململانێ و دژایەتیکردنی بیرۆکە نەک دژایەتیکردنی کەسایەتیی تاکی بەرامبەر.

**سێیەم، بیرۆکە تەوەری** (چەقبوون لەسەر بیرۆکە نەک کەس):
لە هەر سێ بەرنامەکەدا گوتارەکە لەسەر چەمک و مانا چڕ دەبێتەوە، نەک لەسەر کەسایەتییەکان. لە «دیالۆگ»دا پرسیارە ڕەخنەگرانەکان ئاراستەی سیاسەت و یاسا دەکرێن نەک ئاراستەی خودی میوان؛ لە «ئەزموونەکان»دا پێشکەشکار بە ئاشکرا لە حوکمدان بەسەر کەساندا دوور دەکەوێتەوە: «گەورەترین حیکمەت لە گەڕانەوەی ئەزموونداریەکان بۆ دنیا، نا-حوکمدانە لەسەر خەڵک»؛ و لە «نما»شدا باسەکان لە چوارچێوەی چەمکدا دەمێننەوە. خشتەی (٦) بەڵگە گوتارییەکانی ئەم پابەندبوونە دەخاتەڕوو:

**خشتەی (٦): بەڵگە گوتارییەکانی پابەندبوونی سێ بەرنامەکە بە ئادابە قورئانییەکانی دیالۆگەوە**

| پێوەری ئادابی/بنەمایی | نیشانەی گوتاری | نموونەی بەڵگە لە گوتارەکاندا |
|---|---|---|
| نەبوونی پلارگرتن و سووکایەتی | هیچ نموونەیەکی گاڵتەپێکردن نەدۆزرایەوە | هەر سێ بەرنامەکە |
| نەرمیی گوتار | ئامۆژگاریی نەرم لەبری سەرزەنشت | گەنج گەنجینەیە» (نما)» |
| دژایەتیی بیرۆکە نەک کەس | ڕەخنە ئاراستەی بیرۆکە دەکرێت | ...ناوزڕاندن لەگەڵ ڕەخنەگرتن» ناکرێت تێکەڵ بکرێن» (دیالۆگ) |
| بەڵگەخوازی | بەڵگەی بەراوردکاری | لە پێش ئیسلامدا ئافرەت حیسابی بۆ» نەدەکرا...» (نما) |
| ئەرکی پەروەردەیی | ڕێنمایی کردەیی | «ئەمە پەیامێکە و ڕیسالەیەکە» (دیالۆگ) |
| نا-حوکمدان لەسەر کەس | دووری لە حوکمی کەسی | «نا-حوکمدانە لەسەر خەڵک» (ئەزموونەکان) |
| فرەدەنگی | ئامادەیی ڕای دژ | تەنها لە قاڵبی دیبەیتیدا (دیالۆگ) |

بەرنامەی «ئەزموونەکان»یش چوار تایبەتمەندیی کردەیی هەیە کە هەریەکەیان بە ئادابێکی قورئانییەوە دەبەسترێتەوە: گێڕانەوەی ستوونیی پەندئامێز؛ شایەتحاڵیی تاکی وەک بەڵگەی هەستپێکراوی زیندوو؛ هاوسەنگیی هاندان و ئاگادارکردنەوە کە ڕەنگدانەوەی ئادابی فرەشێوازییە بەپێی دۆخی وەرگر؛ و چەقبوون لەسەر بیرۆکە. نموونەی ئەم هاوسەنگییە لە وتەی دکتۆر ئەرسەلاندا دەردەکەوێت کە لە پاڵ ئاگادارکردنەوەدا ڕێگای چارەسەریش دەخاتەڕوو: «ئەمە بابەتە زۆر ئاسانە، حەل ئەکرێ؛ ئیلتیزام کردن بە واجبات...» واتە تەنانەت لە قاڵبە تاکدەنگەکەشدا، ئادابە قورئانییەکان ڕێکخەری ناوەکیی گوتارەکەن.

پۆدکاستی «نما»ش لە ڕووی پابەندبوون بە ئادابەکانەوە، نەرمترین گوتاری هەیە؛ لە ئەڵقە شیکراوەکاندا هیچ نموونەیەکی سەرزەنشتی توند یان پلارگرتن نەدۆزرایەوە، و لە بەرامبەردا ڕێنمایی و ئامۆژگاریی کردەیی زاڵە، وەک نموونەی ڕوونکردنەوەی مەرجەکان بە شێوەیەکی پلەبەندیکراو: «ئیسلام داوای کردووە هەرکەسە و بە کولتووری خۆی بمێنێتەوە، بەڵام دەبێت ئەم مەرجانە ڕەچاو بکات...» ئەم پرۆفایلە ئادابییە دەکرێت وەک بەرجەستەبوونی چەمکی «الموعظة الحسنة»ی سورەتی (النحل/١٢٥) سەیر بکرێت: ئامۆژگارییەکی نەرمی بەردەوام کە خۆی لەگەڵ ئاست و دۆخی وەرگرە گەنجەکەدا دەگونجێنێت.

شرۆڤەی خشتەی (٦): ئەم خشتەیە نەک تەنها ئامادەیی ئادابەکان تۆمار دەکات، بەڵکو دەریدەخات کە پابەندبوونەکە چۆن بەپێی قاڵب دەگۆڕێت. نەبوونی پلارگرتن لە هەر سێ بەرنامەکەدا دەریدەخات کە «نەرمیی گوتار» بووەتە نەریتێکی هاوبەش نەک هەڵبژاردنێکی تاکەکەسی. لە «دیالۆگ»دا، کە سروشتی دیبەیتی توندیی زیاتری تێدایە، توندییەکە ئاراستەی بیرۆکە دەکرێت نەک کەس. بەڵگەی بەراوردکاری لە هەر سێ بەرنامەکەدا وەک زمانی سەرەکیی قەناعەتپێهێنان دەردەکەوێت، و ڕێنمایی و ئامۆژگاری لە «نما»دا بەرزترین ئامادەیی هەیە. بەم شێوەیە، حوکمە پێوەرییەکان لەسەر بەڵگەی گوتاری دادەمەزرێن، نەک لەسەر ژماردنی دووبارەبوونەوە.

### ٣.٣ بنەماکان لە گوتاردا: فرەدەنگی و بەڵگەخوازی

سەبارەت بە بنەما بونیادییەکان، بنەمای بەڵگەخوازی لە هەر سێ بەرنامەکەدا ئامادەبییەکی بەهێزی هەیە، و لە هەر سێکیاندا بەڵگەی بەراوردکاری» ـ کە مۆدێلە قورئانییەکەی لە دیالۆگی» ئیبراهیم و نەمروودا (البقرة/٢٥٨) ڕەنگی داوەتەوە ـ بەرچاوترین شێوازی سەلماندنە. لە «نما»دا بەراوردێکی مێژوویی-کۆمەڵایەتی دەکرێت: «لە پێش ئیسلامدا ئافرەت هەر حیسابی بۆ نەدەکرا، بەڵام دوای ئەوە حیسابی بۆ کرا...»؛ لە «دیالۆگ»دا بەراوردی نێوان دوو دۆخی سیاسی-مێژوویی دەخرێتەڕوو: «کێشەی ئێمە لەگەڵ تورکیا... بەس لە تورکیا کێشەکە ئەوە بوو کە تەنیا لەگەڵ حکومەت کێشەمان هەبوو»؛ و لە «ئەزموونەکان»دا بەراوردی نێوان دوو دۆخی ئاکاری دەکرێت. ئەم سێ نموونەیە پێکەوە دەریدەخەن کە شێوازی بەڵگەی بەراوردکاری بووەتە زمانێکی هاوبەشی قەناعەتپێهێنان لە بواری بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردیدا؛ ئەم دەرئەنجامەش لەسەر دەقی گوتارەکان بنیاد نراوە نەک لەسەر پێوانەی ژمارەیی. بەڵام بنەماکانی «یەکسانیی ئاکاری» و فرەدەنگی» تەنها لە قاڵبی دیبەیتیدا بە تەواوی بەرجەستە بوون؛»

نموونەی گوتاری (بەڵگەخوازی و پرسیاری ڕەخنەگرانە): پێشکەشکاری «دیالۆگ»: «دادگاکان چەندە سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان دەکەن؟ ئایا یاسای ژمارە ٣٥ی ڕۆژنامەگەری پەیڕەو دەکرێت یان پەنا بۆ یاساکانی تر دەبرێت؟» پرسیارە ڕەخنەگرانەکە داوای بەڵگە و ڕوونکردنەوە دەکات؛ ئەمە نیشانەی گوتارێکی بەڵگە-بنیادە نەک گوتاری سەپاندن.

بەرنامەی «دیالۆگ» لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی قاڵبی فرەبۆچوونی و ڕێگەدان بە ئامادەیی ڕای دژ، دەنگە جیاوازەکان ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە و بەمەش لە بونیادە فرەدەنگییەکەی دەقی قورئانی نزیک دەبێتەوە؛ نموونەی ئەمە ئەو دیمەنانەن کە میوانی دژبۆچوون بۆچوونەکەی بە تەواوی دەخاتەڕوو و پاشان

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12581]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [4/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

پرسیاری، ڕەخنەگرانەی ئاراستە دەکرێت. لە بەرامبەردا «ئەزموونەکان» و «نما» بەهۆی سروشتی گێڕانەوەیی و ڕاوێژکارییانەوە گوتارێکی تاکدەنگ پێشکەش دەکەن؛ ئەمە بۆ ئەرکی ئەو دوو قاڵبە شتێکی سروشتییە، بەڵام لە بنەمای فرەدەنگییەوە دوورە. ئەم دابەشبوونە گریمانە لاوەکییەکانی توێژینەوەکە پشتڕاست دەکاتەوە.

نموونەی گوتاری (ئامادەیی ڕای دژ لە هەمان ئەڵقەدا): میوانی «دیالۆگ» (ئەڵقەی ٢٩): «من بەپێچەوانەی بەڕێزانەوە، من پێم وایە ئەمریکا زۆر کشاوەتەوە لە عێراق. ئەمریکا لەو کاتەوە کە توانای نەماوە زۆر شت لە عێراقدا بگوزەرێت، لەو کاتەوە کشاوەتەوە.»

ئەم نموونەیە بەڵگەی بەهێزی فرەدەنگییە: میوانێک بە ڕاشکاوی خۆی لە بۆچوونی میوانەکانی تر جیا دەکاتەوە و گوتارەکە ئەم جیاوازییە لادەبات؛ ئەمە ڕێک ئەو شێوازەیە کە قورئان لە گواستنەوەی دەنگی لایەنە جیاوازەکاندا پەیڕەوی دەکات ــ پاراستنی دەنگی دژ بە دەقی خۆی، پێش وەڵامدانەوە.

هەروەها گوتارەکە هەڵوێستە دژەکە بە پلاردانەوە یان بە کەمکردنەوەی بەهای بەرامبەر وەڵام نادرێتەوە، بەڵکو بە بەڵگەی جێگرەوە؛ ئەمە جیاکەرەوەی نێوان «دیبەیتی ئادابی» و «دەمەقاڵێ»یە لە پۆلێنی قورئانیدا.

نموونەی گوتاری (تاکدەنگ لە قاڵبی گێڕانەوەیی): دکتۆر ئەرسەلان (بەرنامەی «ئەزموونەکان»): ڕۆحی. «شەیتان لە ڕێی گوناهەوە بۆت دێتە ژوورەوە، لە ڕێی گوێڕایەڵیەوە قەت ناتوانێت.»

گوتارەکە ستوونییە (لە پێشکەشکارەوە بۆ وەرگر) و دەنگی جیاواز تێیدا ئامادە نییە؛ ئەمە جیاوازییە بونیادییەکەیە لەگەڵ قاڵبی دیبەیتدا.

هاوکات، بنەماکانی "گوێگرتن" و "کراوەیی" لە قاڵبی دیبەیتدا خاوەنی نیشانەی ڕوونن؛ فۆرماتی (میوان-پرسیار) لە بەرنامەی "دیالۆگ"دا، وا دەکات بۆچوونی میوانەکە بە تەواوی بخرێتە ڕوو پێش ئەوەی پرسیاری ڕەخنەگرانەی ئاراستە بکرێت، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بنەمای گوێگرتن و پاراستنی نۆرەی (Turn-taking). هەروەها ئەنجامدانی بەراوردکاریی ئاخاوتنە هاوسەنگ، کە لایەنە جیاوازەکانی پرسەکە دەخاتە ڕوو، دەرکەوتەیەکی کرداریی بنەمای کراوەییە؛ چونکە وەرگر لە بەردەم وێنەیەکی گشتگیردا بەجێدەهێڵێت، نەک تەنها لە بەردەم یەک ڕوانگەی پێشوەختە داڕێژراودا.

نموونەی گوتاری (کراوەیی و هاوسەنگیی حوکم): میوانی «دیالۆگ» (ئەڵقەی ٣٦): «گۆڕانکارییەک دروست بووە، دەتوانم بڵێم لە نوخبەی سیاسیدا هەندێک گۆڕانکاری تێکەوتووە... بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بەڕاستی دەتوانین بڵێین زۆر گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە.»

گوتارەکە هەردوو لایەنی پرسەکە پێکەوە دەخاتەڕوو و ناچێتە قاڵبی حوکمی یەکلایەنە، ئەمە نیشانەی کردەیی بنەمای کراوەییە؛ چونکە وەرگر لە بەردەم وێنەیەکی گشتگیردا بەجێدەهێڵێت و بڕیارەکە بۆ خۆی دەهێڵێتەوە ــ هەمان لۆژیکی (فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ).

کۆی ئەم نیشانانە ئاماژە بەوە دەکەن کە پابەندبوونی بنەمایی لە قاڵبی دیبەیتدا، بە ئەگەرێکی زۆرەوە تەنها دەرەنجامێکی سەرپێیی فۆرماتەکە نییە؛ لەگەڵ ئەوەشدا، دەرخستنی نیازی بەرهەمهێنەر لە دەرەوەی توانای شیکاریی ئاستی ئاشکرایە، بۆیە ئەم لێکدانەوەیە وەک خوێندنەوەیەکی پێشنیارکراو دەخرێتەڕوو نەک وەک حوکمێکی یەکلاکەرەوە.

### ٣.٤ ئەرکەکان لە گوتاردا

چوار ئەرکەکەی دیالۆگی قورئانی بە ئاستی جیاواز لە گوتاری بەرنامەکاندا کارا بوون. ئەرکی بانگەواز و ڕاگەیاندن لە هەر سێکیاندا بەشێکی جێگیری گوتارەکەیانە. ئەرکی پەروەردەیی و ڕێنمایی بەهێزترین ئەرکی هاوبەشە؛ نموونەی بەرجەستەی ئەمە لە «دیالۆگ»دا: «پێویستە مامۆستای ئاینی تەماشای ئیشەکەی نەکات وەکو وەزیفەیەک کە ئەدای دەکات... پێویستە تەماشای بکات کە ئەمە پەیامێکە و ڕیسالەیەکە»، و لە «نما»دا ڕوونکردنەوەی پلەبەندیکراوی مەرجەکان. ئەرکی ڕۆحیش لە هەر سێکیاندا ئامادەیە، وەک بانگەوازی بەردەوام بۆ دوعا لە «نما»دا: «شتێکی کەمان بیر نەچێت، دوعا»، و وەسفی ئەزموونی ڕۆحی لە «ئەزموونەکان»دا. بەڵام ئەرکی فرەدەنگیی کۆمەڵایەتی ــ گواستنەوەی دەنگە جیاوازەکان ــ تەنیا لە «دیالۆگ»دا بە تەواوی کارایە؛ ئەمەش گەورەترین کەلێنی نێوان گوتاری بانگەوازیی ئەلیکترۆنی و مۆدێلە قورئانییەکەیە.

نموونەی گوتاری (ئەرکی ڕۆحی): م. فەیسەڵ (پۆدکاستی «نما»): «خودا: ئەوەی کە لە تەنیایی ڕزگارت دەکات و قەت نایەڵێت تەنیا بیت»؛ «قورئان: کتێبێک کە قسەکانی دۆستی تێدایە.»

ئەم دوو پێناسەیە ئەرکی ڕۆحی لە زمانێکی هاوچەرخ و نزیک لە ژیانی گەنجدا دەڕازێننەوە؛ واتە ئەرکەکە پارێزراوە، بەڵام قاڵبی دەربڕینەکەی گۆڕدراوە بەپێی وەرگر ــ ئەمە بەرجەستەکردنی ئادابی فرەشێوازییە بەپێی دۆخی بەرامبەر.

نموونەی گوتاری (ئەرکی بانگەواز و ڕاگەیاندن): میوانی «ئەزموونەکان» (ئەڵقەی ١): «برایانی بانگخواز دەبێت قودوە بن. دەبێت لە عیبادەت، لە ئەخلاقی جوان و لە نەرمونیانیدا پێشەنگ بن؛ ئەگەر تۆ بانگخواز بیت، دەبێت لەگەڵ ئەهلی گەڕەکدا ڕووخۆش بیت.»

لێرەدا گوتارەکە ئەرکی بانگەواز بە ئادابی ڕەفتاری دەبەستێتەوە، نەک تەنها بە گەیاندنی زانیاری؛ ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە قورئانییەیە کە لە (النحل/١٢٥)دا نێوان «حیکمەت» و «مەوعیزەی حەسەنە» دادەمەزرێنێت. نموونەی گوتاری (ئەرکی پەروەردەیی-ڕێنمایی): میوانی «دیالۆگ» (ئەڵقەی ٥٠): «پێویستە مامۆستای ئاینی وەکو ئەرکێك سەیری ئیشەکەی نەکات، بەڵکو وەکو پەیامێك کە پێویستە لەسەری جێبەجێی بکات» ئەم ڕێنماییە نموونەی ڕەنگدانەوەی «ئامۆژگاری چاکە»یە لە گوتاری بەرنامەکاندا.

لەم چوارچێوەیەدا، پەیوەندییەکی سەرنجڕاکێش لە نێوان مۆدێلی ئەرکی پەروەردەیی و قاڵبی «نما»دا دەردەکەوێت: هەروەک زنجیرەی لوقمان لەگەڵ کوڕەکەیدا (لقمان/١٣–١٩) مەزنترین بابەتەکان لە قاڵبی ڕاوێژی باوکانەی نەرمدا پێشکەش دەکات، «نما»ش هەمان لۆژیک بەکاردەهێنێت. بۆیە دەکرێت قاڵبی ڕاوێژکاریی فێرکاری بە وەرگێڕانێکی نەوەیی بۆ مۆدێلی لوقمانی دابنرێت: هەمان ئەرک، بەڵام لە پەیوەندیی ڕاوێژکار-گەنجدا لە بری باوک-کوڕ.

نموونەی گوتاری (ڕاوێژکاریی نەرم ڕووەو گەنجان): م. فەیسەڵ (پۆدکاستی «نما»): «گەنج وزەیەکە کە وەستانی نییە، دەبێت ئاراستەی بکەیت.»
ئەمە هەمان لۆژیکی ڕاوێژی باوکانەی لوقمانی دانایە، بەڵام لە پەیوەندیی ڕاوێژکار-گەنجدا.

### ٣.٥ ئاستەنگەکان لە واقیعی گوتاردا

لە ئاستی گوتاری ئاشکرادا، ئاستەنگە قورئانییەکانی دیالۆگ بە شێوەیەکی بەرچاو دەگمەنن. لە هیچ یەکێک لە ئەڵقە شیکراوەکاندا «نموونەی «خۆستایشکردن» یان «سووکایەتیکردن» بە بەرامبەر نەدۆزرایەوە. هەروەها دیاردەی «هێرشکردنە سەر کەسایەتی لەبری بیرۆکە» جێگەی نەبووەتەوە؛ بەڵگەی ئەمە جیاکردنەوەی ڕوونی نێوان ڕەخنە و ناوزڕاندنە لە «دیالۆگ»دا، و ئاراستەی نا-حوکمدان لە «ئەزموونەکان»دا: «گەورەترین حیکمەت... نا-حوکمدانە لەسەر خەڵک». ئاستەنگی «پشتبەستن بە بەتاڵ»یش دەرنەکەوتووە، چونکە بەڵگەی بەراوردکاری و سەرچاوە ئەکادیمی و ئایینییەکان کۆڵەکەی قەناعەتپێهێنانن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە سۆنگەی دەستپاکیی میتۆدۆلۆژییەوە دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە دەرخستنی «ئاستەنگەکانی وەک «پەلەکردن لە حوکمدا» و «ئارەزووپەرستی لە دەقی گوتراودا سنووردارە و پێویستی بە شیکاریی قووڵتری گوتار هەیە؛ بۆیە ئەم دەرئەنجامە (Latent Discourse Analysis) مەرجدار دەکرێت: گوتاری ئاشکرای بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردی لەو ئاستەنگانەی شیاوی دەرخستن بوون پاکە.

نموونەی گوتاری (نەبوونی خۆستایشکردن و لوتبەرزی): پێشکەشکاری «ئەزموونەکان» (ئەڵقەی ١٤): «پەلە مەکەن لە حوکمدان بەسەر خەڵکیدا، هەتا لە خۆتانەوە خەڵک کافر و مونافیق نیشان مەدەن. قەناعەت بە خۆتان بکەن کە هەموو کەسێک لە ئێمە باشترە.»

ئەم وتەیە دوو ئاستەنگ پێکەوە ڕەت دەکاتەوە: «خۆستایشکردن» و «پەلەکردن لە حوکمدا»؛ و لەبەر ئەوەی لە دەمی پێشکەشکارەوە و وەک ئامۆژگارییەکی گشتی دێت، دەکرێت وەک هەڵوێستێکی داڕێژراوی گوتارەکە بخوێنرێتەوە نەک وەک وەڵامێکی کاتی.

نموونەی گوتاری (دووری لە بێبەڵگەیی): ئەبولفەزل (بەرنامەی «ئەزموونەکان»، ئەڵقەی ١٧): «ئەو شێوازەی باس دەکرێت... یەقینم وایە ئەمە شێوەی ئەسڵیی خوای پەروەردگار نییە، چونکە کەس نازانێت چ شێوەیەکە. ئەوەی بینیومە، بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە ئەو شێوەیە بێت.»

ئەم نموونەیە گرنگییەکی میتۆدۆلۆژیی تایبەتی هەیە: شایەتحاڵەکە خۆی سنووری بەڵگەیی گێڕانەوەکەی خۆی دیاری دەکات و ڕێگری لە گشتاندنی عەقیدەیی دەکات. ئەمە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئاستەنگی «گومان و بێبەڵگەیی» (یونس/٣٦)دا دژە، چونکە قسەکەر تەنها ئەوە دەڵێت کە بەڵگەی لەسەری هەیە.

هەروەها گوتارەکە خۆی میکانیزمێکی پێداچوونەوەی ناوەکی دادەڕێژێت؛ دکتۆر ئەرسەلان (ئەڵقەی ٨) دەڵێت: «کۆمەڵێک تەجروبەی زۆر بەسوود، بەڵام هەموویان یەک شتم نەدیوە موتابەقەی کتاب و سوننەت نەبێت لە قسەکردنەکانیاندا.» واتە شایەتحاڵییەکان بە دەقی شەرعی پێوانە دەکرێن پێش ئەوەی وەک بەڵگە پەسەند بکرێن.

لێرەدا پێویستە خاڵێکی میتۆدۆلۆژیی هەستیار ڕوون بکرێتەوە: شایەتحاڵیی تاکی لە ڕووی پێوەری بەڵگەییەوە هاوتای ئایەتە گەردوونییەکانی قورئان نییە، چونکە ئەوان بەڵگەی گشتگیرن و هەموو وەرگرێک بە هەستەکانی خۆی دەیانبینێت، لە کاتێکدا شایەتحاڵی بەڵگەیەکی تاکەکەسی و ناگشتگیرە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە شایەتحاڵی وەک «وەرگێڕانێکی بینراو-بیستراوی هەوڵی گەیاندنی بەڵگە» سەیر دەکات، نەک وەک هاوتای پێوەریی بەڵگەی گەردوونی؛ و ئەوەی لەم گوتارەدا لە ئاستەنگی بێبەڵگەیی دووری دەخاتەوە، ڕێک ئەو دوو ڕێکارە ناوەکییەیە کە لە دوو نموونەی پێشوودا دەرکەوتن: سنووردارکردنی بانگەشەکە لەلایەن خودی شایەتحاڵەوە، و پێوانەکردنی بە دەقی شەرعی.
نموونەی گوتاری (نەبوونی ناوزڕاندن و ئاشکراکردنی کەم و کووڕی): ئەبولفەزل (بەرنامەی «ئەزموونەکان»، ئەڵقەی ١٧): «ئەگەر گوناهێکیشتان کرد، لای کەس باسی مەکەن؛ با لە نێوان خۆتان و خوای پەروەردگاردا بێت... چونکە ئەگەر لای خەڵک بیڵێن، ئاشکرا دەبێت و بڵاو دەبێتەوە.»

ئەم ڕێنماییە ئاراستەیەکی گشتیی گوتارەکە دەردەخات کە دژی ئاشکراکردن و ناوزڕاندنە؛ ئەمەش لە ئاستی پراکتیکدا بەربەستێکە لە بەرامبەر ئاستەنگی «پلارگرتن» و «هێرشی کەسی»، چونکە گوتارێک کە فێری داپۆشین دەکات، ناتوانێت خۆی ببێتە مەیدانی ئاشکراکردن.

خاڵێکی تری بەرچاو، پەیوەستە بە ئاستەنگی «شوێنکەوتنی کوێرانە»؛ باڵادەستیی بەڵگەی بەراوردکاری لە هەر سێ بەرنامەکەدا ــ کە لە زۆربەی ئەڵقە شیکراوەکاندا وەک بەرچاوترین شێوازی سەلماندن دەرکەوت ــ ئاماژە بەوە دەکات کە گوتارەکە وەرگر بەرەو هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری دەبات، نەک بەرەو وەرگرتنی کوێرانە و بێ پرسیار؛ واتە گوتارەکە لەسەر ئاستی بونیادی خۆی، دژە-باوە. ئەم دۆزینەوەیە لەگەڵ بانگهێشتە قورئانییەکاندا تەبایە کە شوێنکەوتنی کوێرانە ــ (إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَىٰ أُمَّةٍ) (الزخرف/٢٢) ــ دەکاتە ئاستەنگی سەرەکیی دیالۆگ و لە بەرامبەریدا بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی هۆشیارانە وەک جێگرەوە دادەنێت.

### ٣.٦ دەرئەنجامی گشتی: فرەیی لە قاڵب، یەکێتی لە ئاداب

دەرئەنجامی گشتیی ئەم توێژینەوەیە، وێنەیەکی ڕوون لە واقیعی بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردی دەخاتەڕوو: فرەیی لە قاڵبەکان و یەکێتی لە ئادابەکاندا. هەر سێ بەرنامەکە ــ سەرەڕای جیاوازیی ڕێگاکانیان لە ململانێی فرەدەنگ، گێڕانەوەی قووڵ و ڕاوێژکاریی فێرکاری ــ ئاراستەی هەمان ئامانج دەبن، و نەرمونیانی و دووری لە پلارگرتن و ڕێزگرتن لە بەرامبەر و چەقبوونی بیرۆکە و بەڵگەخوازی، ئەو کۆڵەکە هاوبەشانەن کە گوتارەکەیان لەسەر بنیات نراوە. ئەمە دەیسەلمێنێت کە ئادابی دیالۆگی قورئانی لە واقیعدا بووەتە «یاسایەکی نەنووسراو»؛ لە بەرامبەردا، لاوازیی فرەدەنگی لە قاڵبە تاکدەنگەکاندا و نەبوونی شێوازەکانی دیالۆگی گەردوونی، دوو ڕووگەی سەرەکیی گەشەپێدانی داهاتوون.

جێی ئاماژەیە، ئەم یەکگرتنە ئادابییە لە ڕێگەی سێگۆشەکردنی سەرچاوەکانەوە پشتڕاست کراوەتەوە: دەرکەوتنی هەمان نیشانە گوتارییەکان ــ نەبوونی پلارگرتن، باڵادەستیی ڕێنمایی، و بەڵگەی بەراوردکاری ــ لە سێ قاڵبی سەربەخۆدا، متمانەی لێکدانەوەکە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12581]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [4/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

بەرز دەکاتەوە؛ چونکە ئەگەر تەنها لە یەک قاڵبدا دەرکەوتبان دەکرا بە دەرئەنجامی فۆرماتەکە لێکبدرێنەوە. بەم پێیە، ئادابە قورئانییەکە ئەو «تویژاڵە یەکخەرەیە» کە لەژێر فرەیی قاڵبەکاندا ئامادەیە: ڕێگاکان جیاوازن، بەڵام یاسای ڕۆیشتنیان یەکە.

**٣.٧ تاقیکردنەوەی گریمانەکان لەبەر ڕۆشنایی بەڵگە گوتارییەکان**

لەبەر ڕۆشنایی ئەو نموونە گوتارییانەی لە بەندەکانی پێشوودا شیکرانەوە، گریمانەکانی توێژینەوەکە بەم شێوەیە دەسەلمێنرێن:
گریمانەی سەرەکی پشتڕاست دەبێتەوە، چونکە ئاستی ئاداب (نەرمی، دووربوون لە پلار، ڕێزگرتن) لە هەر سێ بەرنامەکەدا بەرز و هاوبەشە، بەڵام ئاستی بنەما بنیادییەکان (بەتایبەت فرەدەنگی) بەپێی قاڵب دەگۆڕێت و تەنها لە قاڵبی دیبەیتیدا بە تەواوی بەرجەستەیە. گریمانەی لاوەکیی یەکەم پشتڕاست دەبێتەوە: «دیالۆگ» بە ئامادەکردنی ڕای دژ و پرسیاری ڕەخنەگرانە، نزیکترینە لە فرەدەنگی و بەڵگەخوازی. گریمانەی لاوەکیی دووەم بە بەشەکی پشتڕاست دەبێتەوە: «ئەزموونەکان» و «نما» بەڕاستی بە باڵادەستیی ڕێنمایی و نەرمی نزیکترینن لە ئادابی نەرمی؛ بەڵام ئەرکی پەروەردەیی (پێچەوانەی پێشبینیی سەرەتایی) لە «دیالۆگ»یشدا بە ئاشکرا دەرکەوت، وەک لە وتەی میوانی «ئەڵقەی (٥٠)»دا: «ئەمە پەیامێکە و ڕیسالەیەکە». واتە ئەم ئەرکە نەبووەتە تایبەتمەندیی قاڵبە گێڕانەوەیی و ڕاوێژکارییەکان بە تەنها، بەڵکو ئەرکێکی هاوبەشی هەر سێ قاڵبەکەیە. ئەم لادانە لە پێشبینییەکەوە خۆی نیشانەی ئەوەیە کە خوێندنەوەکە بە بەڵگەی گوتاری بەڕێوە چووە، نەک بە پاڵنەری پشتڕاستکردنەوەی گریمانەکان. گریمانەی لاوەکیی سێیەم پشتڕاست دەبێتەوە: ئاستەنگە قورئانییەکان لە گوتاری ئاشکرادا نەدۆزرانەوە. بەم شێوەیە، هەر حوکمێک لەسەر بەڵگەی گوتاریی هێنراوە دادەمەزرێت، نەک لەسەر لێکدانەوەی تاکەکەسی یان پێوانەی ژمارەیی.

**ئەنجامەکان:**

ئەم توێژینەوەیە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

**یەکەم:** دیالۆگ لە قورئانی پیرۆزدا سیستەمێکی پێوەرکاریی گشتگیرە، کە لە (شەش بنەما، سیستەمێکی ئاداب، چوار ئەرک، حەوت ئاستەنگ، و ڕێوڕەسمێکی دیبەیتی) پێکهاتووە. ئەم سیستەمە دەکرێت وەک چوارچێوەیەکی گشتگیر بۆ هەڵسەنگاندنی گوتاری میدیایی بەکاربهێنرێت، و ئەم توێژینەوەیە سەرکەوتوو بوو لە داڕشتنی ئەو چوارچێوە تیۆری و میتۆدۆلۆژییەدا.

**دووەم:** گوتاری بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی، سێ قاڵبی جیاوازی دیالۆگ پەیڕەو دەکات کە بریتین لە: (دیبەیتی فرەدەنگ، گێڕانەوەی قووڵ/ستوونی، و ڕاوێژکاریی فێرکاری)، بەڵام سەرجەمیان لەسەر ناوکێکی ئادابیی هاوبەش کۆدەبنەوە کە ڕاستەوخۆ لە ئادابە گفتوگۆییەکانی قورئانی پیرۆزەوە سەرچاوەی گرتووە؛ وەک: نائامادەیی تەواوەتیی پلارگرتن، باڵادەستیی نەرمونیانی، دژایەتیکردنی بیرۆکە نەک کەسایەتی، و پشتبەستن بە بەڵگەی بەراوردکاری وەک زمانێکی هاوبەشی قایلکردن.

**سێیەم:** ئاستەنگە قورئانییەکانی دیالۆگ لە نێو گوتاری ئاشکرای بەرنامەکاندا، بە شێوازێکی بەرچاو دەگمەن بوون یان هەر بوونیان نەبوو، کە ئەمەش نیشاندەری پابەندبوونێکی کردارییە بە ڕێوڕەسمی دیبەیتی قورئانییەوە.

**چوارەم:** گەورەترین خاڵی دوورکەوتنەوە لە مۆدێلە قورئانییەکە لە بنەمای فرەدەنگیدا بەدی کرا، کە تەنها لە قاڵبی دیبەیتیدا بە تەواوی بەرجەستە بوو؛ هاوکات، شیکارییەکە هاوپێوەندییەکی پتەوی لە نێوان ڕێوڕەسمی دیبەیتی قورئانی و لۆژیکی پەیامی سەرکەوتووی میدیاییدا دەرخست، کە خۆی لەم سێ ڕەهەندەدا دەبینێتەوە: زمانێکی ڕوون، بەڵگەی هاوئاست و گونجاو لەگەڵ توانای عەقڵیی وەرگردا، و بەکارهێنانی بەڵگەی هەستپێکراو (کە شایەتحاڵیی تاکی لە گوتاری هاوچەرخدا وەک فۆرمێکی بینراو-بیستراوی گەیاندنی بەڵگە کارا کراوە، هەرچەندە لە ئاستی گشتگیریدا هاوتای بەڵگە گەردوونییەکان نییە). ئەم دۆزینەوەیەش ئەوە دەسەلمێنێت کە نزیکایەتیی گوتاری بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی لە مۆدێلە قورئانییەکە، نزیکایەتییەکی بونیادی و قووڵە نەک ڕووکەشانە. لە کۆتاییدا، بەخششی میتۆدۆلۆژیی ئەم توێژینەوەیە لە دوو ئامرازی سەرەکیدا چڕ دەبێتەوە کە پێشکەش بە توێژەرانی داهاتوو دەکرێن:

١. چوارچێوە پێوەرکارییەکە: کە پێکهاتووە لە شەش بنەما سیستەمی ئاداب، چوار ئەرک، حەوت ئاستەنگ، و تایبەتمەندییەکانی دیبەیت، کە هەر یەکەیان بە نیشانە گوتارییە شوێنهەڵگرەکانیانەوە دیاری کراون.

٢. کورتکراوە کردارییەکەی لە شێوەی شەش پرسیاری پشکنەردا (لە بەشی ڕاسپاردەکاندا): کە دەکرێت بەبێ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەسەر هەر گوتارێکی ئایینیی میدیایی تر جێبەجێ بکرێنەوە.

دەرئەنجامەکان:

لە ئەنجامەکانی پێشەوە، سێ دەرئەنجام دەردەهێنرێن کە لە ئاستی وەسفەوە بۆ ئاستی لێکدانەوە دەڕۆن:

**یەکەم، لە ئاستی قاڵبدا:** فرەیی قاڵبەکان لە بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردیدا، فرەییەکی بەهایی نییە بەڵکو فرەییەکی ئەرکییە. هەر قاڵبێک دەروازەیەکی جیاوازی وەرگر ئامانج دەکات – دیبەیت دەروازەی عەقڵ، گێڕانەوە دەروازەی ڕۆح، و ڕاوێژکاری دەروازەی فێرکاری – بەڵام هەرسێکیان هەمان ئامانجی بانگەوازی دەگرنە بەر. ئەمە دەریدەخات کە ئەم مەیدانە گەیشتووەتە قۆناغی دابەشبوونی پیشەیی ئەرکەکان، نەک قۆناغی دووبارەبوونەوەی یەک قاڵب؛ و ئەمەش خۆی نیشانەی پێگەیشتنی پیشەییە لە بواری بانگەوازیی دیجیتاڵدا.

**دووەم، لە ئاستی ئادابدا:** ئادابە قورئانییەکان لە هەر سێ قاڵبەکەدا بەرجەستەن، سەرەڕای ئەوەی هیچ چوارچێوەیەکی نووسراوی هاوبەش لە نێوان ئەم سێ بەرنامەیەدا نییە. ئەمە دەرئەنجامێکی گرنگ دەخاتەڕوو: پابەندبوون بە ئادابەکان لەم مەیدانەدا سروشتێکی کولتوورییە نەک ڕێکخراوەیی؛ واتە لە ڕێگەی نەریتێکی نەنووسراوەوە گواستراوەتەوە، نەک لە ڕێگەی سیاسەتی بەرهەمهێنانەوە. لێرەوە، هەر هەوڵێکی داهاتوو بۆ پەرەپێدانی ئەم مەیدانە، دەبێت لەم نەریتە کولتوورییەوە دەست پێبکات و بیکاتە چوارچێوەیەکی نووسراو.

**سێیەم، لە ئاستی کەلێنەکەدا:** جیاوازیی نێوان پابەندبوونی «بەرزی» «ئاداب» و پابەندبوونی بەشەکیی «بنەما بونیادییەکان (بەتایبەت فرەدەنگی)»، دەرئەنجامێکی تیۆریی هەیە: ئاداب لە ئاستی ڕەفتاری تاکەکەسیی قسەکەردا جێبەجێ دەکرێت و پێویستی بە هیچ گۆڕانێکی پێکهاتەیی نییە، بەڵام فرەدەنگی پێویستی بە گۆڕانی

خودی پێکهاتەی بەرنامەکە هەیە (هێنانی میوانی دژبۆچوون، دەرفەتی وەڵامدانەوە). بۆیە، نزیکبوونەوە لە مۆدێلە قورئانییەکە لە ئاستی ڕەفتاریدا ئاسانترە لە ئاستی پێکهاتەییدا؛ و ئەم جیاکردنەوەیە دەکرێت وەک گریمانەیەکی نوێ لە بوارە هاوشێوەکانی تردا تاقی بکرێتەوە.

**ڕاسپاردەکان:**

توێژینەوەکە ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە ئاراستەی بەرنامەساز و دامەزراوە پیشەیی و ئەکادیمییەکان دەکات:

١. بۆ بەرنامەسازانی بانگەوازی ئەلیکترۆنی: پەسەندکردنی چوارچێوە پێوەرییەکەی ئەم توێژینەوەیە وەک چوارچێوەیەکی ئاکاریی «ئادابنامەیەکی پیشەیی» لیستێکی پشکنین لە بنەما و ئاداب و ئاستەنگەکان کە پێش بەرهەمهێنان و لە هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکدا بەکاربهێنرێت.

٢. بەهێزکردنی بنەمای فرەدەنگی لە قاڵبە تاکدەنگەکاندا: بەرنامە گێڕانەوەیی و ڕاوێژکارییەکان دەتوانن، بەبێ دەستکاریی قاڵبەکانیان، دەرفەتی دەنگی جیاواز بڕەخسێنن وەک میوانی دژبۆچوون، خوێندنەوەی پرسیاری وەرگران، یان بەشی وەڵامدانەوەی ڕەخنەکان تا لە بونیادە فرەدەنگەکەی دەقی قورئانی پیرۆز نزیکتر ببنەوە.

٣. هەڵسانەوەی شێوازە قورئانییە پشتگوێخراوەکان: بەتایبەت دیالۆگ لەگەڵ گەردوون و هێنانەوەی ئایەتە گەردوونییەکان وەک بەڵگە، کە لە ڕێوڕەسمی دیبەیتی قورئانیدا پێگەیەکی ناوەندییان هەیە و لە گوتاری ئێستادا نەبوون.

٤. بۆ دامەزراوە ئاکادیمییەکان: کردنەوەی بابەتی «ئێتیکی گوتاری ئایینی لە میدیای دیجیتاڵدا» لە پرۆگرامەکانی ڕاگەیاندندا، بە بەکارهێنانی سیستەمی بنەما و ئادابی دیالۆگی قورئانی وەک یەکێک لە بناغە پێوەرییەکانی.

بۆ ئەوەی ڕاسپاردەی یەکەم کردەیی بێت، ناوەڕۆکی چوارچێوەی ئاکاریی «ئادابنامە پیشەییەکە» دەکرێت لەم پرسیارە پشکنەرانە پێکبێت کە بەرهەمهێنەر پێش و پاش بەرهەمهێنان لە خۆیانی بپرسێت:

1. ئایا دەنگی جیاواز دەرفەتی هەیە؟ (یەکسانی و فرەدەنگی)
2. ئایا هەر بانگەشەیەک بەڵگەی لەگەڵدایە؟ (بەڵگەخوازی)
3. ئایا بۆچوونی بەرامبەر بە تەواوی و بێ شێواندن گوازراوەتەوە؟ (گوێگرتن)
4. ئایا ڕەخنەکان ئاراستەی بیرۆکەن نەک کەس؟ (جیاکردنەوەی دیدگا لە کەس)
5. ئایا زمانەکە نەرمە و لە پلار و سووکایەتی پاکە؟ (ئادابی نەرمی)
6. ئایا هیچ نیشانەیەکی ئاستەنگەکان (گومان، باو، بەتاڵ) لە گوتارەکەدا هەیە؟

ئەم شەش پرسیارە، کورتکراوەی کردەیی هەموو چوارچێوەکەیە.

**پێشنیارەکان:**

پێشنیارەکانی توێژینەوەیە لەم لەسێ خاڵدا چڕ دەبنەوە:

١. جێبەجێکردنی ئەم چوارچێوە پێوەرییە لەسەر پلاتفۆرم و بەرنامەکانی دیکە.

٢. ئەنجامدانی شیکاریی قووڵی گوتار (Latent Discourse Analysis)؛ چونکە ئەم خوێندنەوەیە لە ئاستی گوتاری ئاشکرادا (Manifest Discourse) وەستاوە، و ئەو ئاستەنگانەی پێویستیان بە دەرکەوتنی نیازی ناوەکی یان کاردانەوەی وەرگر هەیە، لە دەرەوەی توانای ئەم ئاستەی شیکارییەدان.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوەی (وەرگرتن) بە مەبەستی پێوانەکردنی کاریگەریی پابەندبوونی ئاکاری لەسەر متمانەی وەرگران.

**لیستی سەرچاوەکان**


**یەکەم: قورئانی پیرۆز** (سەرچاوەی بنەڕەتی؛ ئایەتەکان بەپێی سورەت و ژمارە لە ناو دەقەکەدا ئاماژەیان پێدراوە). ئایەتە قورئانییە بەکارهێنراوەکان، بەپێی سورەت و ژمارە:

١. سورەتی آل عمران: ئایەتی ٦٤، ٦٦
٢. سورەتی الأعراف: ئایەتی ٦١
٣. سورەتی الأنبياء: ئایەتی ٢٢
٤. سورەتی الإسراء: ئایەتی ١١، ٧٠
٥. سورەتی البقرة: ئایەتی ٢١–٢٢، ٣٠، ١١١، ١٦٣–١٦٤، ١٧٠، ٢١٩، ٢٥٦، ٢٥٨
٦. سورەتی الزخرف: ئایەتی ٢٢
٧. سورەتی الزمر: ئایەتی ١٧–١٨
٨. سورەتی القصص: ئایەتی ٥٠
٩. سورەتی القمر: ئایەتی ٢٥
١٠. سورەتی الكهف: ئایەتی ٢٩، ٥٤، ٥٦
١١. سورەتی النحل: ئایەتی ١٢٥
١٢. سورەتی النمل: ئایەتی ٤٤
١٣. سورەتی طه: ئایەتی ٤٤
١٤. سورەتی لقمان: ئایەتی ١٣–١٩
١٥. سورەتی يونس: ئایەتی ٣٦

**دووەم: توێژینەوە گۆڤارییەکان:**

**أ) بە زمانی عەرەبی:**

١. قالتي، البشير؛ هواري، سميرة، «الوظيفة الدعوية الإعلامية للاتصال في ضوء القرآن الكريم»، مجلة المعيار، جامعة الأمير عبد القادر للعلوم الإسلامية، قسنطينة، مج٢٢، ع٤٤، ٢٠١٨، صص ٢٩٤–٣٠٣.

٢. مرسي، عمر محمد محمد؛ إسماعيل، أحمد محمد السمان؛ مجاهد محمد أحمد علي، «الأثر التربوي لحوارات الأنبياء في القرآن الكريم على الأسرة المسلمة»، المجلة التربوية لتعليم الكبار، كلية التربية، جامعة أسيوط، مج٧، ع٤، أكتوبر ٢٠٢٥م، صص ٥١–٧٨.

**ب) بە زمانی فارسی:**

١. پيروز، غلامرضا، «تحليل چندصدايى در قرآن كريم بر اساس نظرية منطق مكالمة ميخاييل باختين»، ادبيات دينى، شمارة ١، ١٣٩١ش، ص ٤٥–٥٦.

٢. سلطانى رنانى، سيد مهدى، «قرآن، علم ارتباطات، تبليغ و رسانه؛ جايگاه علمى گفت‌وگو در آينهٔ قرآن»، نشريهٔ كوثر، شمارة ٣٤، ١٣٩٠ش؛ بڵاوکراوەتەوە لە: پرتال جامع علوم و معارف قرآن (quran.isca.ac.ir)، نسخة إلكترونية غير مرقّمة الصفحات.

**ج) بە زمانی ئینگلیزی:**



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12581]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [4/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

1. Anderson, Betsy D., Rebecca Swenson, and Nathan D. Gilkerson, 2016, "Understanding Dialogue and Engagement Through Communication Experts’ Use of Interactive Writing," International Journal of Communication, Vol. 10, University of Southern California, United States, Los Angeles, pp. 4095–4116.

2. Baumgartner, Antonia, Silke Fürst, and Philomen Schönhagen, 2021, "Conceptualizing the Dialogical Structure of Mass Communication: A Comparison of the Dialogical Networks and Mediated Social Communication Approaches," Discourse, Context & Media, Vol. 44, Article 100546, Elsevier, Netherlands, Amsterdam, pp. 1–9.

3. Habermas, Jürgen, 1970, "Towards a Theory of Communicative Competence," Inquiry: An Interdisciplinary Journal of Philosophy, 13(1–4), Taylor & Francis, United Kingdom, London, pp. 360–375.

4. Kent, Michael L., and Maureen Taylor, 1998, "Building Dialogic Relationships Through the World Wide Web," Public Relations Review, 24(3), Elsevier, Netherlands, Amsterdam, pp. 321–334.

5. Kent, Michael L., and Maureen Taylor, 2002, "Toward a Dialogic Theory of Public Relations," Public Relations Review, 28(1), Elsevier, Netherlands, Amsterdam, pp. 21–37.

6. Kent, Michael L., and Maureen Taylor, 2021, "Fostering Dialogic Engagement: Toward an Architecture of Social Media for Social Change," Social Media + Society, 7(1), Article 2056305120984462, Sage Publications, United States, Thousand Oaks, pp. 1–10.

7. Taylor, Maureen, Michael L. Kent, and William J. White, 2001, "How Activist Organizations Are Using the Internet to Build Relationships," Public Relations Review, 27(3), Elsevier, Netherlands, Amsterdam, pp. 263–284.

**سێیەم: نامەکانی ماستەر و دکتۆرا:**

**أ) بە زمانی کوردی:**

١. حەسەن، بەناز حەمەرشید، «بەرنامەکانی گفتوگۆی تەلەڤزیۆنیی و کاریگەرێتییەکانی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان»، تێزی دکتۆرا، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٤.

**ب) بە زمانی عەرەبی:**

١. الشهري، عبد الله بن علي، «أساليب الدعوة إلى الله تعالى في مواقع التواصل الاجتماعي»، رسالة ماجستير، المعهد العالي للدعوة والاحتساب، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، الرياض، ٢٠١٥.

٢. عثمان، معن محمود، «الحوار في القرآن الكريم ودلالاته التربوية»، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، نابلس، فلسطين، ٢٠٠٥.

٣. الغفيلي، فهد بن عبد العزيز، «دور المواقع الإلكترونية الإسلامية في الدعوة إلى الله»، رسالة ماجستير، كلية الدعوة والإعلام، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، الرياض، ٢٠١٠.

٤. الكناني، محسن جلوب جبر سميع، فن الحوار في برامج القنوات الفضائية العربية: دراسة تحليل مضمون البرامج الحوارية الحية في قناة الجزيرة الفضائية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الإعلام، جامعة بغداد، بإشراف د. عبد الرزاق النعاس، ١٤٢٦هـ/٢٠٠٥م.

**چوارەم: کتێبەکان:**

**أ) بە زمانی کوردی:**

١. القەتتان، مەنناع، مباحث في علوم القرآن بە کوردی، وەرگێڕانی مەلا مەحموودی گەڵاڵەیی، چاپی یەکەم، سلێمانی: کتێبخانەی ئارام، ٢٠١٥.

**ب) بە زمانی عەرەبی:**

١. ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل، تفسير القرآن العظيم، تحقيق: سامي بن محمد سلامة، الرياض: دار طيبة، ١٤١٩هـ.

٢. الزحيلي، وهبة، التفسير المنير في العقيدة والشريعة والمنهج، دمشق: دار الفكر، ١٤١٨هـ.

٣. زمزمي، يحيى بن محمد حسن، الحوار: آدابه وضوابطه في ضوء الكتاب والسنة، دار التربية والتراث ـ رمادي للنشر، ٢٠٠١م، ٥٦٠ ص.

٤. الطبري، محمد بن جرير، جامع البيان في تأويل آي القرآن، تحقيق: أحمد محمد شاكر، بيروت: مؤسسة الرسالة، ٢٠٠٠م.

**ج) بە زمانی ئینگلیزی:**

1. Bakhtin, Mikhail M., 1984, Problems of Dostoevsky’s Poetics, edited and translated by Caryl Emerson, University of Minnesota Press, United States, Minneapolis.

2. Freire, Paulo, 1970, Pedagogy of the Oppressed, translated by Myra Bergman Ramos, Continuum, United States, New York.

3. Habermas, Jürgen, 1984, The Theory of Communicative Action, Vol. 1: Reason and the Rationalization of Society, Beacon Press, United States, Boston.

4. Habermas, Jürgen, 1989, The Structural Transformation of the Public Sphere, MIT Press, United States, Cambridge.

5. McQuail, Denis, 2010, Mass Communication Theory, 6th edition, Sage Publications, United Kingdom, London.

## ملخص البحث

يتناول هذا البحث، الموسوم بـ «أسس وآداب الحوار في القرآن الكريم وانعكاساتها في الخطاب الدعوي الإلكتروني الكردي (قراءة نوعية في ثلاثة برامج دعوية)»، إشكاليةً مؤداها أنّ الدعوة الإلكترونية الكردية قد اتسعت دون إطارٍ أخلاقيٍّ منظَّم، في حين أرسى القرآن الكريم للحوار منظومةً متكاملةً من الأسس والآداب والوظائف والآفات لم تُحوَّل يومًا إلى أداةٍ لتقويم الخطاب الإعلامي. ومن ثَمّ يسعى إلى ثلاثة أهداف: استنباط هذه المنظومة وتنظيمها بوصفها إطارًا تقويميًّا؛ وتقديم قراءة نوعية للخطاب الدعوي الإلكتروني الكردي والكشف عن قوالبه الحوارية؛ وتحديد مستوى التزام كلِّ برنامج بهذه الأسس والآداب. ومجتمع البحث هو حلقات ثلاثة برامج «دعوية إلكترونية كردية: «ديالۆگ» (١٢٣ حلقة)، و«بودكاست نما (٢١)، و«تجارب الاقتراب من الموت» (٥٠)؛ اختيرت منها عينة من (٥٢) حلقة موزَّعة على المدة (٢٠٢٠–٢٠٢٥). والأداة المستخدمة هي «تحليل المضمون النوعي» عبر استمارة ترميز ،من الأصول القرآنية (Deductive) معيارية صيغت استنباطيًّا وضُمنت موثوقيتها بإيراد النصوص الحوارية المباشرة والتثليث والمراجعة النظيرة. وأظهرت النتائج أنّ هذا الخطاب يوظف ثلاثة ،«قوالب حوارية: «المناظرة التعددية»، و«السرد العمودي و«الإرشاد التعليمي»؛ غير أنها تلتقي عند نواة أخلاقية مشتركة: لين ،الخطاب، والابتعاد عن السخرية، ونقد الأفكار لا الأشخاص والاعتماد على الأدلة المقارنة. والآفات القرآنية نادرةٌ في الخطاب الظاهر، و«تعددية الأصوات» لم تتبلور إلا في قالب المناظرة؛ ومن ثَمّ يخلص البحث إلى أنّ آداب الحوار القرآني قد غدت تقليدًا مشتركًا غير مكتوب. ويوصي البحث باعتماد هذا الإطار مدوَّنةً مهنيةً للمنتجين، وبتعزيز التعددية في القوالب أحادية الصوت؛ ويقترح .تطبيقه على منصات أخرى وإجراء تحليل الخطاب الكامن


**الكلمات المفتاحية:** الحوار الإلكتروني، الحوار القرآني، آداب .الحوار، المنصات الإلكترونية، الدعوة الإلكترونية الكردية


## Abstract

This study, entitled "The Principles and Ethics (Adab) of the Holy Qur'anic Dialogue and Their Reflection in Kurdish Electronic Da'wah Discourse: A Qualitative Reading of Three Da'wah Programmes", addresses this problem: Kurdish electronic Da'wah has expanded without an organised ethical framework, while the Qur'an's normative system for dialogue — principles, adab, functions and ailments — has never been turned into an instrument for evaluating media discourse.

It pursues three aims: deriving and organising this system as an evaluative framework; reading Kurdish electronic Da'wah discourse qualitatively and identifying its dialogue moulds; and determining each programme's adherence to those principles.

The population is the episodes of three Kurdish electronic Da'wah programmes: "Dialogue" (123), "Nama Podcast" (21) and "Near-Death Experiences" (50); a sample of (52) episodes across (2020–2025) was drawn from it. The instrument is Qualitative Content Analysis via a normative coding sheet derived deductively from the Qur'anic foundations, with trustworthiness secured through direct excerpts, triangulation and peer debriefing.

The findings reveal three dialogue moulds: polyphonic debate, vertical narrative, and advisory-educational discourse; yet all converge on a shared ethical core: gentleness of speech, absence of mockery, idea-centred opposition, and comparative argumentation. Qur'anic ailments are rare at the manifest level, and polyphony is realised only in the debate mould; the study concludes that the adab of Qur'anic dialogue has become a shared unwritten norm. It recommends adopting the framework as a professional code for producers and strengthening polyphony in monologic moulds, and suggests applying it to other platforms and conducting latent discourse analysis.


**Keywords:** electronic dialogue, Qur'anic dialogue, adab of dialogue, electronic platforms, Kurdish electronic Da'wah.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12581]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [4/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]